زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر
كۆلێژی پەروەردە
بەشی ڕێنمایی پەروەردەیی و دەرونی

# دەرونزانی پەروەردەیی
# علم النفس التربويى
# Educational Psychology



مامۆستای بابەت:
عومەر گردەنازێی

**2024-2023**

یەکێك لەئامانجە گرنگەکانی پەروەردە، گەشەپێدانی عەڵ و فێربونی بیرکردنەوەیە. مامۆستاش کەسێکی فێرکارە، کەواتە پێویستە "هونەرەکانی فێرکردن و بیرکردنەوەو چارەسەرکردنی کێشەکان بزانێت "(گۆستاف لوبۆن) "روح التربیە".
ئیبن خەلدونیش ئەڵێ، پێشکەوتنی شارستانی پێویستی بەزانستە و زانستیش پێویستی بەپەروەردەو فێرکردن هەیەو پەروەردەو فێرکردنیش پێویستی بەمامۆستایە. کەواتە مامۆستا پێویستە خوێدەواربێت! کوپەریش (Cooper) ئەڵێ: ئەگەر ویستت کولتور و ڕۆشنبیری وڵاتێك بزانی ئەوە سەیری دۆخی مامۆستاکانی بکە!

فێرخوازی خۆشەویست!
فێربون پێویستە لەپێناوی داهێناندابێت نەك تەنها وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە؛ پێویستە لەپێناو بەرهەمهێنانی مەعریفەدابێت نەك لەبەرکردنی مەعریفە؛ پێویستە فێرخواز فێری بیرکردنەوەو تێگەیشتن لە ڕاستییەکانی ژیان و چارەسەری کێشەکانبێت، بۆڕوبەڕوبونەوەی کۆسپەکانی ژیان نەك تەنها بۆتاقیکردنەوەکان و هێنانی نمرەی بەرز! پەروەردە پێویستە پێکهاتەکانی زیرەکی هەڵچونی لەناخی تاکدا بچێنێت.
مەولانا وتەنی ئێوە ئەو کەسەکامڵە بن لەخاك زێر دروست ئەکەن، نەك زێربکەنەوە بەخاك: کاملی گر خاک گیرد زر شود-ناقص ار زر برد خاکستر شود.(مثنوی معنوی-دفتر اول)

## پێشەکی:

**فێرخوازی ئازیز،** پیرۆزباییت لێ ئەکەم بەبۆنەی دەرچونت بۆ قۆناغێکی نوێی خوێندن و سەرکەوتنت لەقۆناغی یەکەم؛ ئەمەش دەیسەلمێنێت ماندوبون و شەونخونی و خوێندنەوەی بەردەوام، کلیلی سەرکەوتن و تێگەیشتنە لەئاریشەو ڕوداوەکانی ژیان. مەعریفەی بەدەستهاتوش بەهۆی خوێندنەوەو بیرکردنەوە، وات لێدەکات بەهوشیارییەوە، بەچاوێکی گەشتر و کراوەترەوە ڕوبەڕوی داهاتوببیتەوە. گەلەپێشکەوتووەکانی جیهان بەهۆی پەروەردەو مەعریفە و خوێندنەوەی بەردەوامەوە سەرمایەی مرۆییان دروستکرد و زۆرێك لەگەلە تەمبەڵەکانیان بەجێهێشت؛ هیوادارم هەردەم بەردەوام بن لەسەرکەوتن و بەدەستهێنان، خوێندنەوە بکەنەهاوڕێی هەمیشەیی ژیانتان، شان بەشانی **(دڵسۆزی، لێبڕان، هاوکاری، لێبوردەیی، وەفا، خۆشەویستی، کارکردنی بەردەوام)** بۆ بەرەو پێشەوەبردنی کۆمەڵگە ببنەمۆم!

ساڵی پار **دەرونزانی گشتیت** خوێند، بەڵام ئەمساڵ پێویستە ئەوە فێرببیت کە **دەرونزانی پەروەردەیی** چییە؟ گرنگی پێدانەکانی چییە؟ سودەکانی بۆ ئێمە چییە؟ جێ بەجێکردنە پەروەردەییەکانی؟ چۆنیەتی مامەڵەکردنی دروست لەتەك فێرخوازاندا، پاڵنەرایەتی و فێربون و جیاوازییەکەسییەکان ....دەرونزانی پەروەردەیی بەپلەی یەکەم گرنگی بەڕەفتاردەدات لەهەڵوێستە پەروەردەییەکاندا، هۆکارو ڕواڵەتەکانی و ئەو ئامرازانەی کە ئەبنە هۆی کۆنترۆڵکردن و ڕاستکردنەوەی.

لەبەرئەوە مامۆستا پێویستی بە ناسینی فێرخوازەکانی هەیە لە ڕوی تواناکانیان و جیاوازی کەسی و گەشەی دەرونی و عەقڵی و جەستەیی و ڕۆحی و کۆمەڵایەتی و کەسایەتی و ڕەفتارو مەرجەکانی فێربون و تیۆرەکانی. مامۆستا بەرپرسە لە دابینکردنی باشترین مەرج و دۆخی نێوپۆل بۆئەوەی بەباشی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ئەنجامبدرێت. لەڕێگەی تێگەیشتن لە بنەما و تیۆرەکانی فێربون و فێرکردن و پاڵنەرایەتی و زیرەکی و بیرکردنەوەو...بەکارهێنانی لەپرۆسەی خوێندن و مامەڵەکردنی لەگەڵ فێرخوازدا، مامۆستا دەتوانێت پرۆسەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری باش پێشکەشبکات لە ناو پۆل و دەرەوەی پۆلیشدا، کە ئێوە لەئێستادا بۆ ئەو مەبەستە ڕادەهێنرێن. لەئایندەشدا هیوادارم بتوانن مامۆستایەکی لێوەشاوە و ڕێنمایی کارێکی شارەزا و دڵسۆز یاخود کارمەندێکی دڵسۆز و بەتوانابن لە دامەزراوەیەکی پەوەردەیی یان ئیدارییدا.

# بەشی یەکەم: پێشەکییەك لە دەرونزانی پەروەردەیی

ئایا دەکرێت مامۆستا ئامادە بکرێت بەبێ خوێندنی دەرونزانی پەروەردەیی؟
ئەگەر هەندێک لە مامۆستایان بێ ئاگابن لە بنەماکانی دەرونزانی پەروەردەیی، ڕەنگە هەندێکیان پەنا بۆ شێوازە نازانستیەکان بەرن بۆ گەڕان بەدوای گونجاوترین شێوازی وانەوتنەوەدا، ئەم شێوازانە بریتین لە:
1-تەنها پەنا ئەبەن بۆ شێوازی تاقیکردنەوە و هەڵەکردن.
2-لاسایی کردنەوەی مامۆستاکانی پێش خۆیان یان هاوکارە بەئەزموونەکانیان.
3-تەنها پشت دەبەستن بە ڕێساو تەقلیدییەکانی پەروەردەیی.

## سودی خوێندنی دەرونزانی پەروەردەیی ؟

لە نێو ئەو بۆچوونانەی کە دەرونزانێکی پەروەردەیی هاوچەرخ دەیڤید ئۆسوبێل (David Asubel)(1969) وەریگرتووە و پێشکەشی کردووە، ئەوەیە کە خوێندنی دەرونزانی پەروەردەیی ڤیزەی چوونە ناو بوارەکانی ژیانی وانەوتنەوە دەکات لە هەموو ئاستەکاندا، بەو پێیەی ئاسانکاری بۆ ئەوانە دەکات کەپەروەردەکارن وانە ئەڵێنەوە ڕێگایان بۆڕۆشن ئەکاتەوە کەبتوانن تێبینی ئەوەبکەن کەچی لە پۆلدا دەگوزەرێت. توێژینەوەکان ئاماژە بۆئەوە ئەکەن ئەوەی لەنێو پۆل ڕوودەدات جێگای سەرنجی پەروەردەی قوتابخانەیە، هەرچەندە قوتابخانە پێویستییەکانی بۆخوێندن فەراهەمکردبێت و ڕێکارەکانیگرتبێتەبەر، بەڵام کارلێکی نێوان مامۆستاو فێرخوازەکانیان بنەمای سەرەکی سەرکەوتنی قوتابخانە یان سەرنەکەوتنێتی لەگەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکانی.

## بۆچی پێویستە دەرونزانی پەروەردەیی بخوێنین؟

ئەم پرسیارە لەجێگای خۆیدایە! نەك بۆ ئەم بابەتە، بەڵکو بۆ هەمو بابەتێك کاتێکی زۆرو تێچون و ماندو بونێکی زۆری بۆتەرخان دەکرێت، لەبەرئەوە پێویستە فێرخوازانی ئازیز ئەوەبزانن، بۆچی پێویستە ئەم بابەتە بخوێندرێت؟

دەرونزانی پەروەردەیی بەیەکێك لە بابەتە پێویستەکانی دونیای فێربون و فێرکردن و پێگەیاندنی مامۆستاو کاریگەریان لەپرۆسەی پەروەردەیی هەژمار دەکرێت، لەبەرئەوە یارمەتی مامۆستا ئەدات بۆبەدەستهێنانی توانا و لێزانی پرۆسەی وانەوتنەوەی کاریگەر. گرنگی ئەم بابەتە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ئەخەینە ڕو:

**1-زانینی کێشەکانی فێربون و دۆخی نێوپۆل:** دەرونزانی پەروەردەیی بەشێوەیەکی گشتی یارمەتی مامۆستا دەدات بۆتێگەیشتن لەپرۆسەی پەروەردەیی و وکێشەکانی فێربون. ئێمە ڕۆژانە گوێمان لەوەدەبێت مامۆستایەك سەرکەوتوبوە لە پۆلداو زۆربەی فێرخوازەکانی خۆشیان ئەوێت. لەکاتێکدا هەندێکی تر بەپێچەوانەوە! لەگەڵ ئەوەشدا کە مامۆستای بەتوانان، بەڵام لەڕاستیدا سەرکەوتنی ئەو مامۆستایانە دەگەڕێتەوە بۆ زانینی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ قوتابیەکانیداو زانینی زانستی ڕەفتار. لەبەرئەوە لەسەر مامۆستا پێویستە زۆربەباشی لە قوتابیەکانی تێبگات، لەڕوی گەشەو تواناکەسییەکان و کاریگەری و پێکهاتەی کەسایەتی و پەروەردەيي و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیان.

**2-زانینی جیاوازی کەسی:** بەپێی ژینگە و بارودۆخی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کاریگەری ئەوبارودۆخە لەسەرئاستی خوێندنیان. لەڕاستیدا هیچ کەسێك لەکەسێکی ترناچێت لە جیهاندا، مامۆستا ڕوبەڕوی دونیایەك جیاوازی دەبێتەوە لەنێوپۆلدا، بەتایبەتیش لەم جیهانە گۆڕاوەی ئێستای خۆماندا. لەبەرئەوە هەریەکەو لەخێزان و کولتورێکی لاوەکی جیاوازەوە هاتون، لەسەرمامۆستا پێویستە شێوازی وانەوتنەوەکەی بەجۆرێك بێت زۆرینەی فێرخوازەکانی لێی حاڵیی بن و سودی لێ ببینن.. لێرەشەوە دەتوانێت

دۆخێکی پەروەردەیی دروستبکات کەقوتابییەکانی بتوانن پەرەبە تواناکانی خۆیان بدەن لەڕێگەی بەکارهێنانی زۆرترین هەوڵ و بەرزترین ئاست.

**3-تێگەیشتن لە ڕێگا و شێوازەکانی فێربون:** لەئەزمونی ڕۆژانەمانەوە بۆمان دەردەکەوێت بەکارنەهێنانی ڕێگای باش بۆ فێرکردن، دەبێتە هۆی سەرنەکەوتن و نەگەیاندنی زانیاریەکان بۆفێرخوازان. دەرونزانی پەروەردەیی ڕێگای فێرکردنی گونجاومان پێشکەشدەکات. یارمەتیماندەدات بۆدروستکردنی ستراتیجیەتی نوێ بۆ فێرکردن. وانەوتنەوە بەقوتابیان تەنها پشت بە تیۆرێك نابەستێت بەڵکو پشت بەچەندین تیۆری فێربون و فێرکردن دەبەستێت. لەبەرئەوە لەسەرمامۆستا پێویستە شارەزایی پەیدا بکات لەوتیۆرانە بەمەبەستی ڕێکخستنی فێرکردنی قوتابییەکانی.

**4-تێگەیشتن لە کێشەکانی فێرخوازو چارەسەرکردنی :** دەرونزانی پەروەردەیی یارمەتی مامۆستا دەدات لەپێشبینیکردنی زانستیانە بۆ ڕەفتاری فێرخواز: ئەمەش لەڕێگەی دیراسەکردنی هۆکارە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە سەرکەوتن و سەرنەکەوتن لە خوێندن، ڕێگاکانی وانەوتنەوە و ئامرازەکانی، کەسایەتی فێرخوازو ئاستی پێگەیشتنی و هۆکارە بۆماوەییەکان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دۆخی دەوروبەرو هەڵچونی فێرخواز. هەروەها ئەوەی پەیوەندیدارە بە تێکچونی میزاج و لایەنی ئاکاری و دواکەوتن لەخوێندن، پەرەپێدانی تواناکانیان بۆچارەسەرکردنی کێشەکانیان و توانای بڕیاردان لە هەڵوێستە پەروەردەیی و فێرکارییەکاندا. لێرەشەوە مامۆستا دەتوانێت لە هۆکارەکانی کێشەکانی قوتابیان تێبگات و چارەسەریان بۆبدۆزێتەوە بەسەرکەوتویی.

**5-زانینی تەندروستی دەرونی فێرخوازان:** تەندروستی دەرونی زۆرگرنگە بۆفێرکارو فێرخواز لە پرۆسەی فێربونی سود بەخشدا. مامۆستا لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت هۆکارەکانی لاوازی تەندروستی دەرونی و خراپی گونجانی قوتابی لەبارودۆخی پەروەردەییدا بزانێت، بەمەرجێك مامۆستا سەرچاوەکانی تایبەت بە بواری تەندروستی دەرونی خوێندبێتەوە.

**6-زانینی پاڵنەرەکانی ڕەفتاری قوتابی:** بەتێبینیکردنی ڕەفتارەکانی قوتابی لەژیانی ڕۆژانەی دا لەقوتابخانە و چۆنێتی سودوەرگرتن لەوپاڵنەرانە بۆ بەشەوق و زەوقکردنی خوێندن، لەجیاتی پەنابردن بۆ ڕق و سزا و ناچارکردن.

**7-یارمەتی مامۆستا ئەدات لە دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئالیەتی پرۆسەی فێرکردن و ئەنجامەکانی،** وەك دەرکەوتنی هۆکارەکانی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی پرۆسەی پەروەردەیی، لەگرنگترینیان: ڕێگاکانی وانەوتنەوە و گونجاوی لەگەڵ جیاوازییەکەسییەکانی فێرخوازاندا، کەسایەتی فێرخواز و دۆخی کۆمەڵایەتیان و ئاستی پاڵنەرایەتیان، دۆخی گونجاوی و نیوپۆل و چەندایەتی پاڵنەرایەتیان.

**مێژوی سەرهەڵدانی دەرونزانی پەروەردەیی:**

وەك ڕەنگڕێژییەك، ئاراستە فەلسەفییە جیاوازەکان بەکۆن و نوێوە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوە لە سەرهەڵدانی ئەم لقەدا، بەپێشکەشکردنی زانیاری لەسەرسروشتی زانین و عەقڵ و پەیوەندی زانین بە ڕۆح و عەقڵەوە. دەتوانین وەك ئاماژەیەکیش بگەڕێینەوە بۆ یۆنانی کۆن و سەدەی پێنجەمی پێش لەدایك بون، کاریگەری کەسانی وەك دیموکریتس (Democritus) یەکەم فەیلەسوف بوە جەختی لەسەر ڕۆڵی خێزان کردۆتەوە لەسەر پەرەپێدانی کەسایەتی منداڵ. لەسەدەی چوارەمی پێش لەدایك بون ئەفلاتون (Plato)و ئەرستۆ (Arestle) سیستمێکی پەروەردەییان داڕشت کەپەیوەستە بەبنەماکانی دەرونزانییەوە. چەندین تێڕوانینیان

لەوبارەیەوە خستۆتە ڕو: پەروەردەی ئاکاری و پیشەیی و ڕێگاکانی فێرکردن، سروشتی فێربون و کاریگەری خێزان لەسەر فێربون...

قوتابخانە جیاوازەکانی دەرونزانی وەك (**ڕەفتارگەرایی و مەعریفی و مرۆیی و شیکاری**) بەژداریەکی کارایان هەبوە لە دانانی بنەما و یاسا پەیوەندیدارەکان بە ئەرکە دەرونی و ڕەفتارییەکان و پرۆسەی فێرکردنەوە.

دواتریش وەك زانست و توێژینەوەی تایبەتمەند بەبوارەکانی فێرکردن و فێربون و پرۆسەی پەروەردەیی، بەماوەیەکی کەم پێش سەدەی بیستەم لەلایەن هەندێك لەپێشەنگانی دەرونزانییەوە (**ولیەم جیمس William James/ جۆن دیوی John Dewey / ئیدوارد لی سۆرندایك E. L. Thorndike**) دەرونزانی پەروەردەیی بنەماکانی بۆداڕێژراو بەرگی زانستێکی نوێی بەبەرداکرا. بەیەکگرتنی نێوان پەروەردەو دەرونزانی، دەرونزانی پەروەردەییش لەدایك بو.

**لێرەدا بەکورتی باسی ئەم سێ زانایە دەکەین:**

**یەکەم/ ولیەم جیمسWilliam James** (1842-1910)



یەکێك لەو پێشەنگانە بو بەتەواوەتیش دوای دەرکەوتنی کتێبەکەی بەناوی بنەماکانی دەرونزانی (1890) زنجیرەیەك وانەی پێشکەشکرد بەناوی **"قسەکردن بۆ مامۆستایان"** تیایدا گفتوگۆی لەسەر دەرونزانی لەبواری فێرکردنی منداڵدا کردوە. ئەوەشی ڕەتکردەوە کە دەرونزانی ئەزمونگەری بتوانێت بۆچونێکمان لەبواری فێرکردنی منداڵدا پێشکەشبکات، ئاماژەی بە گرنگی تێبینیکردنی ڕاستەوخۆی پرۆسەی وانەوتنەوەی نێو پۆل و سەرپەرشتیاری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن کردەوە. یەکێك لە ئامۆژگاریەکانی ئەوەیە کە: **باشترە سەرەتای وانە بە بابەتێك دەستپێبکەیت لەدەرەوەی ئاستی زانیاری و ئیدراکی منداڵ بێت، لەپێناو فراوانبونی ئیدراکیاندا.**

**دوەم/ جۆن دیوی John Dewey** (1859-1952):



ئەوەی شێوەی بەخشی بە دەرونزانی پەروەردەیی جۆن دیوی بوو، یەکەم تاقیگەی دەرونزانی پەروەردەیی دانا لەزانکۆی شیکاگۆ لەویلایەتە یەکگرتووە کانی ئەمریکا لەساڵی(1894) دواتریش لەزانکۆی کۆڵۆمبیا پەرەی بەبیروکارە داهێنانکارییەکانی دا. پەروەرشیاران قەرزاری هەندێك لەبیروبۆچونەکانی دیوین، لەبەر ئەم هۆکارانە: **یەکەم:** ئەوپێی وابو باشتر وایە منداڵ چالاك بێت لە پۆلدا و بەشێویەکی کرداری باشتر فێردەبێت. پێش دیوی باوەڕ وابو کە پێویستە منداڵ لەسەر کورسییەکەی خۆی بەشێویەکی بێدەنگ و ئارام دابنیشێت و بەشێویەکی ڕۆتینی وانەی پێ بوترێتەوە. **دووەم،** لەپەروەردەدا پێویستە منداڵ سەنتەر بێت و جەخت لەسەر گونجانی منداڵ بکرێتەوە لەژینگەدا، زیاتر ڕونی کردەوەو وتی: نابێت پەروەردەی منداڵ تەسکبکرێتەوە لە بابەتە زانستییەکاندا بەڵکو پێویستە فێری بیرکردنەوە ببێت و بتوانێت لەدەروەی ژینگەی

قوتابخانەشدا بگونجێت؛ لەهەمانكاتیشدا پێویستە منداڵ فێرببێت چۆن چارەسەری كێشەكانی خۆی بكات.
**سێیەم**، باوەڕی وابو كەپێویستە هەمو منداڵێك بەشێوەیەكی یەكسان مافی خوێندنی هەبێت، ئەم هزرە دیموكراسیانە لە نیوەی دوەمی سەدەی هەژدەهەمدا بونیان نەبو، لەكاتێكدا خوێندن تەنها بۆ دەستەیەكی تایبەت بو بۆكوڕە دەوڵەمەندەكان، بەڵام دیویی جەختی لەسەر ئەوەكردەوە كە پێویستە خوێندن بۆ هەموان بێت، كچ و كوڕ ئاستە ئابورییە جیاوازەكان و هەمو نەتەوەو گروپێكی ئێتنیكی.

**سێیەم/ ئیدوارد لی سۆرندایك E. L. Thorndike** (1874-1949)



پێشەنگی سێەم و دامەزرێنەری دەرونزانی پەروەردەییە؛ ئەو توێژەرو زانایە كەزۆرترین بەرپرسیارێتی بەرئەكەوێت لە پەرەپێدانی دەرونزانی ئەزمونگەری. دانیشی بەوەدانا كە هەندێك تایبەتمەندی مەعریفی هەیە بۆماوەییە بەڵام ڕۆڵی گەورەی بەخشی بەژینگە و خوێندنی ڕەسمی.

لە ئەمریكا لەدایكبووە، منداڵی دووەمی خێزانەكەیەتی، و براكانی وەك ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە لەزانكۆی كۆڵۆمبیا كاریان كردووە و خوشكەكەیشی وەك مامۆستای وانەی ئینگلیزی قۆناغی ناوەندی كاری كردووە، سەرەتاكانی ژیانی باوكی وەك پارێزەر كاریكردووە. سۆراندایك دوای ئەوەی گرنگی بەزمانەكانی ئینگلیزی دا لەقۆناغی بەكالۆریۆس لە زانكۆی Wesleyan دواتریش لەزانكۆی هارڤارد هاوشان لەتەك گرنگیدان بەزمانی ئەنگلیزی گرنگیشی داوە بەزمانی فەلاەنسی. بڕوانامەی دووەمی بەكالۆریۆس و ماستەری لەوزانكۆیە بەدەستهێناوە لە دوای خوێندنەوەی كتێبەكەی ولیەم جیمس(بنەماكانی دەرونزانی(Princeiples of psychology) لەهارڤارد سۆراندایك توانی بچێتە وانەكانی ولیەم جیمسەوە و كۆرسێك وەربگرێت. توانی پسپۆڕێتییەكەی بگۆڕێت بۆ دەرونزانی لە كۆرسی دووەم. لێرەوە ئەو هەستەی بۆدروستبوو كە میتۆدی زانستی ئەزمونگەرییەكان دەكرێ بەكاربهێنرێت بۆوەدەستهێنانی زیاتری بەرچاوڕونی فێربون. پێی وابو لەگۆشەنیگای زانستییەوە باشترە تێبینی فێربون بكەین لە تاقیگەدا لەڕێگەی گیاندارەوە لەجیاتی تێبینیكردنی منداڵ لەپۆلدا. سەرەتای كاركردنیشی لەگەڵ مریشك دەستپێكرد بۆ سەلماندنی بۆچونەكانی. لە ساڵی(1897) چوبۆ زانكۆی كۆڵۆمبیا بۆتەواوكردنی دكتۆراكەی لەسەردەستی (جیمس و كاتل) لەوێ توانی توێژینەوەكانی فراوانتربكات لەسەر فێربون و لەتاقیكردنەوەكانیدا پشیلە و سەگیشی بەكارهێنا، ئەوەبو تێزی دكتۆراكەی تەواوكرد لەساڵی(1898) بەناوی(زیرەكی ئاژەڵ- Animal Intelligence)دواتر و لەساڵی(1911) فراوانتریكربۆكتێب،كتێبی: دەرونزانی پەروەردەیی لەساڵی(1903) بڵاوكردەوە. لەژیانی زانستی خۆیدا دەرونزانی پەروەردەیی دامەزراند زیاتر لە 500 كتێب و وتاری زانستی بڵاوكردۆتەوە كە لەبوارەكانی دەرونزانی و دەرونزانی پەروەردەیی و پێوان و زیرەكی و فێربون وتاقیكدرنەوەكانی لەسەر گیانداران، هەروەها كتێب دەربارەی قوتابخانە و فەرهەنگی فێرخواز بۆفێربونی هونەرەكانی فێربونی زمان و بیركاری لەگۆشەنیگای تیۆرەكانی لەبواری فێربوندا.

ئەم زانایە ئەڵێ: یەكێك لە ئەركە گرنگەكانی قوتابخانە ئەوەیە كە قوتابی بكات بەكەسێكی بیركەرەوەو هەمیشە لەهۆكارو ئەنجامەكان بكۆڵێتەوە.

لەڕوی پراکتیکیشەوە هەندێك زانکۆکانی ئەمریکا هەستان بە دانانی هەندێك ئاراستە لە دەرونزای پەروەردەیی، ئامانجی سەرەکیشیان بەژداریکردنبو لەئامادەکردنی مامۆستایان بەڕێگایەکی زانستی، لەوکاتەشدا وەك ناوەندگیریەك لەنێوان دەرونزانی و پرۆسەی فێرکردندا سەیردەکرا.

پێش ئەوەی بچینەسەر ناساندنی دەرونزانی، پێویستە پرسیارێك ڕوبەڕومان ببێتەوە پێش ئەوەی بچینە نێو بابەتەکەمانەوە ئەویش ئەوەیە:

**ئایا وانەوتنەوە هونەرە یان زانست؟**

**ڕاهێنانی کەسی:**

**فێر خوازی خۆشەویست،** هەوڵبدە هەندێك لەو مامۆستا سەرکەوتوانەت بیر بێتەوە کەلەڕابوردو وانەیان پێوتویت، ئەوهۆکارانە دەستنیشان بکە کە بونەتەهۆی سەرکەوتنیان، بەهەمان شێوە مامۆستا سەرنەکەوتووەکانیش، ئەوانەی کە وانەکانیان بە بێزارییەوەدەوتەوە، یاخود نەیان دەتوانی مامەڵەی دروست لەگەڵ فێرخوازەکانیان بکەن، هەوڵ بدە ئەمانە ببەستەرەوە بە کەسایەتی و توانای زانستی مامۆستاکانەوە، یان هەر هۆکارێکیتر کە خۆت دەیزانی....

سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەرو کارگێڕییەکان بێت، یان داڕێژەرانی سیاسەتی پەروەردەیی. لەکاتێکدا قوتا باش و بەتواناهەبون کەتوانای وەرگرتنی زانست و مەعریفەیان هەبوە، بەپشتبەستن بەتوانا کەسییەکانی خۆیان و کەمترین یارمەتی مامۆستاکانیان. ئەمرۆ قوتابخانەکانمان سیخناخ کراون لە قوتابی جۆراوجۆر، کەلەیەکتر جیاوازن لە تایبەتمەندییەکانی گەشەکردندا، **لەگەڵ هەمو ئەم گۆڕاوانەدا، دەکرێ هەریەك لەئێمە ببێت بەمامۆستایەکی باش بەبێ ڕاهێنان و ئامادەکردنی پێش وەختە و تایبەتمەندیی کەسی پێویست؟**

ئەم بابەتە جێگای مشتومڕێکی زۆری نێوان زانایانی پەروەردە بووە لەقۆناغە جیاوازەکاندا. تۆما ئەکوینی دەڵێت: **"ئەگەر پەروەردە هونەربێت ئەوە ئەو هونەرە لە مادەیەکی چەقبەستودا کارناکات وەك هونەری پەیکەر تاشی بەڵکو وەك مادەیەکی زیندو کاردەکات و هەمیشە لە گەشە و پێشکەوتندایە"** ئەگەر پرۆسەی وانەوتنەوە هونەرە، وەك هەندێك بانگەشەی بۆ دەکەن، کەواتە ئەم پیشەیە پێویستی بە داهێنان وئیلهام هەیە. لەم کاتەدا ڕەنگە زۆرپێوستی بە ڕاهێنان و ئامادەکردنی مامۆستا نەبێت. بەڵام ئەگەر پرۆسەی وانەوتنەوە زانست بێت وەك هەندێکی تر وای بۆدەچن، ئەوەلێرەدا پێویستە مامۆستا فێری یاسا و بنەما تیۆرییە پەروەردەییەکان ببێت، لەگەڵ تێگەیشتن لێیان و جێبەجێکردنیان لەپرۆسەی وانەوتنەوەدا. لەو سۆنگەیەوە **شارلز سلبرمان دەڵێت: مامۆستایەتی وەك مومارەسەی پزیشکی وایە، پێویستی بە داهێنان و بەهرەداری هەیە، هاوشانی ئەمەش زانستێکە پێوستی بە بەکارهێنانی بنەما و یاسا تیۆرییەکان هەیە، کە لێکدانەوە بۆدیاردەکان دەکەن، هەروەها بەکارهێنانی باشترین ڕێگاو شێواز بەمەبەستی باشترکردنی پرۆسەی وانەوتنەوە.**

**مامۆستای کارامە ئەو مامۆستایە** ڕۆڵی خۆی بەشێوەیەکی باش دەگێڕێت. ئەومامۆستایە لەهەمو شوێن و کاتێك هەمان ڕۆڵ نابینێت بەڵکو بەپێی کات و شوێن ڕۆڵی مامۆستا دەگۆڕێت، لەبەرئەوە مامۆستای سەرکەوتو درك بەوە دەکات پێوستە چەند ڕۆڵێکی جیاواز ببینێت بەپێی جیاوازی فێرخوازەکانی و جیاوازی بابەتەکانی. **لێرەدا پێویستە ئەوەبڵێین کە مامۆستا لەیەك کاتدا دەبێت هەردو تایبەتمەندی کەسی و زانستیشی تیا کۆببێتەوە، پیشەی مامۆستایەتی لەیەك کاتدا هەم هونەرە و هەم زانستیشە؛ بەجۆرێك مامۆستا پێویستی بە مەعریفەی زانستی و پسپۆڕێتی و ڕاهێنان هەیە، لەهەمان کاتیشدا کارامەیی و**

**تواناو تايبەتمەنديیە كەسيیەكانيشى تيا كۆببێتەوە، تاكو بتوانێت پرۆسەی وانەوتنەوەی سەركەوتو ئەنجام بدات.**

كەواتە مامۆستا وەك ئەوباڵندە وايە بەدوباڵ ئەفڕێ، بونی كێشە لەھەريەك لەباڵەكانيدا كاريگەری دروست ئەكات لەسەرئەدائی كاركردن و فرينی، لەبەرئەوە پێويستە مامۆستا گرنگی بەكەسايەتی و تايبەتمەنديیە كەسيیەكانی بدات لەھەمانكاتيشدا گرنگی بەزانست و پسپۆڕێتييەكەی بدات و قاڵبوبێت تيايدا و شارەزايی لەزانستەكانيتريش بەقەدەر پێويست ھەبێت. بەكوردی و بەكورتی پێويستە مامۆستايەكی خوێندەواربێت بەمانای وشە، خوێندەواری واتە شارەزايی لەمامەڵەكردن و ئاخاوتن، لەتەك گەورەو گچكە شارەزاو نەشارەزا، زيرەك و نازيرەك. پێويستە بەخشندەبێت...بەشێكی تايبەتمان تەرخانكردووە بۆ تايبەتمەندييەكانی مامۆستای سەركەوتو، لەبەر ئەوە لێرەدا زۆر دورناڕۆين.

كەواتە پرۆسەی فێركردن ئەمڕۆ پێويستە فێرخوازفێری بيركردنەوەبكات، كەيارمەتی ئەدات داھێنان بكات و ڕەخنە بگرێت، توانای بڕياردان و چارەسەری كێشەكانی ھەبێت، ھەروەھا توانای ھاوكاری و تێكەڵبونی ھەبێت، ئاشنايەتی لەتەك تەكنۆلۆجيای سەردەم پەيدابكات و بەشێوەيەكی ئەرێنی بەكاری بھێنێت و لە لايەنە نەرێنييەكانی خۆی بپارێزێت؛ پێويستە فێری ئەوەببێت ھاوڵاتييەكی چالاك و بەشداربێت، توانای تێكەڵبون و ژيانكردنی ھەبێت لەم جيھانە گۆڕاوەدا؛ پێويستە فێرخواز خۆی بناسێت و ئاستی تواناكانی خۆی بزانێت، خودڕێزگرتن و متمانە بەخۆی ھەبێت، توانای شيكردنەوەی زانيارييەكانی ھەبێت، قەبوڵی ڕەخنەلێگرتن بكات، فێرببێت چۆن كاتەكانی بەكارئەھێنێت، توانای سەركردايەتيكردن و فەرمانبەرداريشی ھەبێت، توانای بەرپرسيارێتی كۆمەڵايەتی و ھوشياری كولتوری ھەبێت و ڕێزلەجياوازييە كولتورييەكان بگرێت.....

## چەمكە پێويستەكانی پەيوەنديدار بەدەرونزانی پەروەردەييەوە:

ئەگەرچی زۆرجار لەوانەكانماندا ئاماژەمان بەوەكردووە كە جياوازييەكی زۆرھەيە لەنێوان زانايانی زانستە مرۆڤايەتييەكان بۆ پێناسەكردنی چەمكەكانيان، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ جياوازی تێڕوانينيان بۆڕووداوەكان و ئەوقۆناغەی تيايدا ژياون وئەوكۆمەڵگەی ديراسەيانكردووە. لێرەدا ھەوڵ ئەدەين بەكورتترين وشە و باوترين و گشتيترين پێناسەكان خۆمان لەو جەنجاڵييەدەربازبكەين.

### پێناسەی دەرونزانی:

چەمكی دەرونزانی ( Psychology ) دەگەڕێتەوە بۆ وشەيەكی يۆنانی(Psych) واتە دەرون يان ڕۆح وشەی(Logys) واتە زانستە يان مەزھەب. ھەردو وشەكە پێكەوە واتە توێژينەوەی زانستی ڕەفتار، بەشێوەيەكی زانستی بۆگەيشتن بەزانياری زانستی بەمەبەستی پێوان و وەصف و تێگەيشتن و لێكدانەوە و پێشبينيكردن و كۆنترۆڵكردن و ئاراستەكردن و ڕاستكردنەوەی ڕەفتار.

بەڵام سۆرندايك پێی وايە دەرونزانی زانستی عەقڵ و كەسايەتی و ڕەفتاری مرۆڤ و گياندارانە.

**پێناسەی دەرونزانی ( Psychology )** توێژينەوەی زانستی ڕەفتارە، بەمەبەستی پێوان و وەصف و تێگەيشتن و لێكدانەوەی ڕەفتار، لەپێناو پێشبينيكردن و كۆنترۆڵكردن و ئاراستەكردن و ڕاستكردنەوەی ڕەفتاردا.

**ئامانجەكانی دەرونزانی :** دەرونزانی ديراسەی ڕەفتاری تاك دەكات بەمەبەستی پێشبينيكردن و تێگەيشتن و كۆنترۆڵكردنی، وتوانای ئاراستەكردنی و ھەوڵدان بۆ دروستكردنی كاريگەری لەسەری بەشێويەكی گونجاو. بەھەمان شێوە ھەوڵيش دەدات بۆ گەيشتن بۆ كومەڵێك ياسا كە ئاراستەی ڕەفتارو چالاكی تاك

دەكات، بەمەبەستی یارمەتیدانیان بۆگونجانیان لەگەڵ دەرونی خۆیان و دەوروبەریاندا و فەراهەمكردنی تەندروستییەكی دەرونی باش، بەمەش ئامانجەكانی دەرونزانی لەم سێ خاڵەی خوارەوەدا كورت دەكەینەوە

**أ-تێگەیشتن- الفهم –Understanding:** لەڕێگەی تێگەیشتنەوە بۆوەڵامی ئەم دوپرسیارە دەگەڕێین ئەوانیش چۆن؟ و بۆچی؟ ڕەفتار ڕودەدات. تێگەیشتنیش ئامانجی سەرەكی زانستە. مەبەستیش لەتێگەیشتن تواناو دككردنی پەیوەندی نێوان دیاردەكانە كەڕودەدات.

**ب-كۆنترۆڵكردن-الضبط-Control**: مەبەستیش لەكۆنترۆڵكردن، توانای ئاراستەكردنی هەر دیاردەیەكی دەرونییە، لەڕێگەی ئاراستەكردنی هۆكارەكانی كە كاریگەرن لەسەری كۆنترۆڵكردنی ڕەفتار و ئاراستەكردن و ڕاستكردنەوە یاخود لابردنی.

**ج-پێشبینیكردن-التنبؤ-prediction**: ئەمەش لەڕێگەی وەڵامدانەوەی هەندێ پرسیارەوە وەك: كەی دیاردەكان ڕودەدەن؟ بۆچی ڕودەدەن؟ ئەمەش پێوەری بنەڕەتییە بۆتێگەیشتن لەدیاردەكان و دیراسەتكردنی. چەنێك تێگەیشتن هەبێت ئەوەندەش ئەتوانرێت لێكدانەوەبكرێت، ئەشتوانرێت پێشبینیبكرێت. پێشبینیكردنیش واتە لەڕەفتارتێبگەین كاتێك دركمان بەپەیوەندی نێوان پێكهاتەو گۆڕاوەكانی پەیوەندیدار بەڕەفتارەكەكرد، ئەمەش یارمەتیمان ئەدات پێشبینی دوبارەبونەوەی ئەوڕەفتارەبكەین بەهەمان ڕیگە. بۆنمونە كاتێك فێرخواز ئاستێكی بەرزی زیرەكی هەبێت و كۆڵنەدەربێت، ئەزمونی سەركەوتنی پێشینەی هەبێت بەسیستمی تاقیكردنەوەكان، ئەوەچاوەڕوانی ئەوەی لێ ئەكرێت سەركەوتنی بێوێنە تۆماربكات لەئایندەدا، خۆئەگەر بەهەرەداربێت لە زمانەوانیدا ئەوەچاوەڕێی ئەوەی لێ ئەكرێت باشتر سەركەوتوبێت لەزمانەكاندا.

پرسیار: ئەكرێ هەمیشە پێشبینی ڕودانی ڕەفتار بكەین بەهەمان ڕێگای پێشو؟

بێگومان نەخێر، لەگەڵ بونی توانای پێشبینیكردن، بەڵام مەودایەك هەیە بۆ دڵنیای نەبون، لەبەر كۆمەڵێك هۆكاری چاوەڕوان نەكراو. بۆنمونە فێرخوازێك زۆر بەتوانایە لەقۆناغەكانی ئامادەیی و لەپۆلی دوازدە پێشبینی ئەكرێت بەرزترین نمرە بهێنێت، بەڵام لەبەرهۆكارێكی چاوەڕواننەكراو، ناگات بەوئەنجامەی هەموان پێشبینیان ئەكرد.

پێش ئەوەی بچینەسەر پێناسەی پەروەردە، بەپێویستی ئەزانم بزانین قوتابخانە چییە؟

**قوتابخانە:** ناوەندێكە بۆ فێربون، هەروەها دامەزراوەیەكە بۆ پەروەردەی فێرخوازان. كەواتە قوتابخانە تەنها شوێنی فێربونی نوسین و خوێندنەوەو بیركاری نییە...بەڵكو ئەركێكی هەرەگرنگی قوتابخانە پەروەردەكردنە، پەروەردەكردنێكی تەندروست، كەسەرەتاكەی بە جوان ڕەفتاری و گوفتاری دەستپێ ئەكات، تائەگاتە دڵسۆزی و هاوكاری و وەفاو خۆشەویستی و ژینگەپارێزی....

**پێناسەی پەروەردە(Education )** پرۆسەیەكی ڕێكخراوە بەمەبەستی گۆڕان لەڕەفتار بەرەوباشتر، لە پۆل و دامەزراوە جیاوازەكانی كۆمەڵگدا، لەپێناو بەرەوپێشەوە چونی گشتگیر لە كەسایەتی مرۆڤ لەسەرجەم لایەنەكانی**(جەستیی و عەقڵی و كۆمەڵایەتی و هەڵچونیەوە).**

لەم پێناسەیەوە دەردەكەوێت كە پەروەردە پرۆسەیەكی مەبەست دارە و كۆمەڵێك ڕێكار و كردارە، بەتایبەتی لای فێرخوازو فێركار، ئەم ڕێكارانەش بەشێوەیەكی هەڕەمەكی و لەخۆوە ڕونادەن، بەڵكو پێشتربەشێوەیەكی زۆر ورد ڕەنگڕێژی و نەخشەی بۆكێشراوە لە دامەزراوە فێركارییە جیاوازەكاندا. خێزانیش بەقەدەر قورسایی خۆی پشكی بەردەكەوێت لەو ڕەنگڕێژی و پلانەدا.

**فێرکردن:** کۆمەڵێك ستراتیژە کە مامۆستا پێڕەوی دەکات بۆ گواستنەوەو گەیاندن و ڕونکردنەوەی بابەتەکان بۆ فێرخواز.

**پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:** پرۆسەی گواستنەوەی مرۆڤە لە بونەوەرێکی بایۆلۆژی بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی کەبتوانێت کارلێك و مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگە بکات بەپێی ئەو پێوەر و بنەما کولتوری و کۆمەڵایەتیانەی کەهەیە بەشێوەیەکی کاریگەر.

**پێناسەی دەرونزانی پەروەردەیی:**

2- دەرونزانی پەروەردەیی**(Educational Psychology): توێژینەوەی ڕەفتاری مرۆیی دەکات لەهەڵوێستە پەروەردەییەکاندا،** بەمەبەستی پێوان و وەصف و تێگەیشتن و لێکدانەوەی ڕەفتار، بەمەبەستی پێشبینیکردن و کۆنترۆڵکردن و ڕاستکردنەوە و تێگەیشتن لە **پرۆسەی فێربون و فێرکردن.**

ئەگەر بەوردی لەم پێناسەیە بڕوانین و لێکدانەوە بۆتوخمە گرنگەکانی بکەین ئەگەین بەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

**زانست بریتییەلە** زنجیرەیەکی پێکەوەبەستراو لەچەمك و یاساو چوارچێوەی تیۆری، لەئەنجامی کۆمەڵێك ئەزمون و تێبینی ڕێکخراوەوە سەری هەڵداوە، بەم دەربڕینەی سەرەوەش بێت ئەوا زانست دولایەنی سەرەکی لەخۆ دەگرێت ئەوانیش:

**أ-ناوەرۆکی زانین:** زانیاریی کەڵەکەبو دەربارەی یەکێك لەبوارەزانستییەکاندا.

**ب-ڕێبازی زانستی:** خۆی دەبینێتەوە لەشێوازو ڕێکاری ڕێکخراو کە زانایان بەکاری ئەهێنن بۆ دۆزینەوەی گۆڕاوە سروشتییەکان لەژیانی مرۆڤدا.

**ڕەفتاری مرۆیی:** زانایانی دەرونزانی کۆکن لەسەرئەوەی ڕەفتاری تێبینیکراو کلیلی سەرەکییە بۆ ناساندنی دەرونزانی. لەبەرئەوە دەبینین ڕەفتار تەرکیز لەسەر تێبینی دەکاتەوە، ئەوەی کەئەنجامی دەدەین لە چالاکی، جا جوڵە بێت یان زمانەوانی، ئاماژەبێت یاخود هەڵچونی(پێکەنین، زەردەخەنە، گریان...) بەڵام ئایا **ڕەفتار تەنها ئەوشتەیە کە تێبینی دەکەین؟** نەخێر بەڵکو ڕەفتار ئەوشتانەشدەگرێتەوە کە تێبینی نەکراوە بەڵام لەڕێگەی ئەنجامەکانییەوە هەستی پێ دەکەین وەك دڵە ڕاوکێ، کەدەبێتە هۆی دەردانی هۆرمۆنی ئەدرینالین و ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی پاڵە پەستۆی خوێن، زیاد بونی لێدانی دڵ، زیاد دەردانی ئارەق، وشکبونی دەم و لێوەکان....

**کەواتە دەتوانین بڵێین ڕەفتار:** ئەوەی کە بونەوەری زیندو ئەنجامی دەدات لە کرداری دیارو نادیار.

**کرداری دیار وەك:** ڕەفتاری جوڵەیی و زمانەوانی.

**کرداری نادیار: وەك:**

أ-چالاکی عەقڵی، وەك بیرکردنەوە و بیرهاتنەوەو لەبیرچونەوە و ئیدراك.

ب-چالاکی هەڵچونی، وەك: ترس و توڕەیی و خەم و خۆشی. .

**ئامانجەکانی دەرونزانی پەروەردەیی:**

دەرونزانی پەروەردەیی هەوڵ دەدات بۆبەدیهێنانی دو ئامانجی سەرەکی:

**یەکەم:** بەرهەمهێنانی مەعریفەی تایبەت بەپرۆسەی فێربون و پەروەردەو تایبەتمەندییەکانی فێرخواز و ڕێکخستنەوەی بەشێوەیەکی مەنهەجی کە ببێتەهۆی دروستکردنی تیۆر و بنەما و زانیاری پەیوەندیدار بە فێرخواز و فێربونەوە.**(لایەنی تیۆری)**

**ئامانجی دوەم:** داڕشتنەوەی ئەم مەعریفەیە بەجۆرێك مامۆستایان بتوانن بەکاری بهێنن و سودی لێببینن لەژیانی پەروەردەیی خۆیاندا. **(پراکتیکی)**

**پەیوەندی دەرونزانی پەروەردەیی بەلقەکانی تری دەرونزانییەوە:**

دەرونزانی پەروەردەیی بە لقێکیی پراکتیکی دەرونزانی دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دانەبڕاوە لە لقەکانی تری دەرونزانی، جا ئەگەر تیۆری بێت یان پراکتیکی، لێرەدا پەیوەندی ئەم زانستە بە هەندێ لەلقەکانی تری دەرونزانییەوە دەخەینە ڕوو:

### 1-دەرونزانی کۆمەڵایەتی (علم النفس الاجتماعي):

دەرونزانی کۆمەڵایەتی ئەو زانستەیە کە گرنگی دەدات بە دیراسە کردنی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکو گروپەکاندا. مامۆستاش کاتێکی زۆری لەپرۆسەی پەروەردە وفێرکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ فێرخوازەکانی بەسەر دەبات چ وەك تاك و وەکو گروپیش، لەبەرئەوە زۆرپێویستی بەزانینی بنەماکانی ڕەفتاری بەکۆمەڵ هەیە، بۆئەوەی لەوهۆکارانەتێبگات کە کاریگەریان لەسەرهەڵوێستی گروپەکان دروست دەکات، ئەمەش کاریگەری لەسەر گرانی و ئاسانی یان پەکخستنی پرۆسەی پەروەردەیی هەیە. هەروەها پێویستی بەئەنجامی ئەو توێژینەوانەهەیە کە دەرونزانی کۆمەڵایەتی پێشکەشی دەکات بۆ ئاسانی تێگەیشتن لە جوڵەی گروپەکان و کاریگەری لەسەر ئەندامەکانی.

### 2-دەرنزانی گەشە(علم النفس النمو)

دەرونزانی گەشە، گرنگی دەدات بەدیراسەکردنی ئەوگۆڕانکاریانەی لە ڕەفتاری مرۆڤ ڕودەدەن لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیدا. ئەم لقە گرنگی زیاتر دەدات بە قۆناغەکانی گەشەی منداڵ و هەرزەکاران، کە گرنگترین توێژن لەپرۆسەی پەروەردەییدا، **لەهەمانکاتدا مەیدانی گرنگیپێدانەکانی دەرونزانی پەروەردەییە.** لەگرنگترین بەژدارییەکانی ئەم لقە لە بواری توێژینەوەو گەشەی مەعریفی و هەڵچونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتیدایە. هەروەها ژینگەو کاریگەری لەسەر گەشەکردنی توانای عەقڵی و تایبەتمەندی کەسی لای منداڵ و هەرزەکار و گەورە ساڵان. ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەم لقە بەیەکێك لە گرنگترین لقەکانی دەرونزانی دادەنرێت لەبەرئەوەی لقە کانی تری دەرونزانی لە ڕاستییە زانستییەکانی گەشەکردنی مرۆییدا سودی لێوەردەگرن.

### 3-دەرونزای فسیۆلۆجی(علم النفس الفيزيولوجي)

دەرونزانی فسیۆلۆجی تەرکیزدەکاتە سەر تاك وەك یەکەیەکی بایۆلۆجی پێکەوەبەستراو و تەواوکار؛ توێژینەوەی هەستەکان و دەمار و ڕژێنەکان و ماسولکەکان دەکات، لەڕوی توێکاری و فسیۆلۆجییەوە هەوڵی تێگەیشتن لەمرۆڤ دەدات وەك یەکەیەکی گشتگیر.

هەروەها دیراسەی کاری ئەندامانی جەستەی مرۆڤ دەکات، بەتایبەتیش ئەوانەی کەکاریگەریان لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ هەیە، تایبەتمەندییە دەمارییەکان و هەستەکان و ئەوهۆکارانەی کاری تێدەکەن، بەهەمان

شێوە دیراسەی گەشەکردنی ڕەفتاری منداڵ و کاریگەری  وروژێنەرەکانی ئەو ڕەفتارانە دەدات، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت دەروونزانی فسیۆلۆجی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەیارمەتیدانی سەرجەم لایەنەپەیوەندیدارە پەروەردەییەکان، بەتایبەتیش مامۆستا، لەلێکدانەوەی ڕەفتاری مرۆیی  لەکاتی پرۆسەی پەروەردەیی و فێربون و فێرکردندا لەسەر بنەمای بایۆلۆجی و فسیۆلۆجی.

**ڕاهێنان بەگروپ:**

**ئایا پێتان وایە پشت بەستنی دەروونزانی پەروەردەیی بە لقەکانی تری دەروونزانی خاڵی لاوازی ئەم لقەیە یان خاڵی بەهێز...؟ تکایە بیروبۆچونت بخە ڕو، بەگفتوگۆکردن و ڕاگۆڕینەوە لەتەك ئەندامانی گروپەکەت...**

## بەشی دوەم: پرۆسەی فێربون

**بۆتێرامان:** ئایا بیرتکردۆتەوە بۆچی ئاژەڵەکان بەماوەیەکی کەم و خێرا فێردەبن، بۆمانەوەیان لەژیان، لەکاتێکدا مرۆڤ کاتێکی زۆر و هەوڵ و ماندوبونێکی زۆری پێویستە بۆفێربون؟!

**پێشەکی:** فێربون پرۆسەیەکی سەرەکییە لەژیاندا، چالاکییەکی خودییە، زۆربەی ڕەفتارەکانمان لەرێگەی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانەوە فێری دەبین و هەندێکیشی غەریزییە وەك فێربونی شیرخواردنی منداڵ ڕاستەوخۆ دوای لەدایك بون..

منداڵ فێری زمان دەبێت بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرو لەماوەیەکی کەمیشدا، لەکاتێکدا فێربونی مۆسیقا کاتێکی زۆری پێویستە، لەهەمانکاتدا فێرخواز فێری شیکردنەوەی یاسا ئاڵۆزەکانی بیرکاری دەبن، هەروەها یاریزانی شەرتەنجیش فێری ستراتیژو تەکنیکی جوڵەی سەربازو وەزیر و پارچەکانی تری یارییەکە دەبێت لەکاتی پێویست و خۆیدا، هەمو ئەم چالاکیانە پێان دەڵێن فێربون، **بەڵام ئایا فێربون چییە و و چۆن ڕودەدات؟**

فێربون چالاکییەکی بەردەوامە بەدرێژایی تەمەن، لەدایك بونەوە تاکو مردن. بەڵام فێربون لە هەڵوێستە پەروەردەییەکاندا بەشێوەیەکی مەبەستدار ڕودەدات کە لە قوتابخانە و دامەزراوە فێرکاریی و پەروەردەییەکانی تردا بەئەنجام دەگەیەنرێت، هەروەك چۆن بەبێ مەبەستیش ڕودەدات کاتێك بە ئەزمونی ژیاندا گوزەر دەکەین. بۆنمونە کاتێك بە شەقامێکی قەرەباڵغی شاری هەولێر تێپەڕدەبیت بۆیەکەمجار، جارێکیتر بەو شەقامەدا ناڕۆیتەوە و ڕێگاکەت دەگۆڕی و ڕێگایەکی تر هەڵدەبژێریت کە قەرەباڵغ نەبێت، کەواتە تەنها بەگوزەرکردنت بەشەقامێکدا فێربویت کە جارێکیتر بەوشەقامەدا نەڕۆیتەوە، ئەمە فێربونی بێ مەبەستە بەهۆی ئەزمونەوە فێری بویت.

فێربون کۆمەڵێك شارەزایی و تواناش لەخۆ دەگرێت، لە زانینی زانیارییە سادەکانەوە بیگرە تا ئەوپرۆسە ئاڵۆز و قورسانەی کەپێویستی  بەپرۆسەیەکی وردو ڕاهێنانێکی چڕوپڕ هەیە. لەم کاتەدا فێربون پێویستی بە هەوڵ و ماندو بونێکی زۆر هەیە، لەهەندێ کاتیشدا زۆر ئاسان و سادەیە. بەم شێوەیە فێربون پرۆسەیەکی ئاڵۆز و تێکەڵاوە. لەبەرئەوە کۆمەڵێك تیۆر و لێکدانەوەی جیاواز بۆلێکدانەوەی فێربون سەریانهەڵدا، ئەم تیۆرانەش مەزهەب و بیروبۆچونی جیاوای لێکەوتەوە، هەریەك لەمانەش پاساو و بیروبۆچونی تایبەتی هەبو لەسەر دیاردەکە...لەبەر ئەوە باشتروایە سەرەتا بە تێگەیشتن لە مانای فێربون دەستپێبکەین و دواتریش ئەوتیۆرانەی کەلێکدانەوە بۆدیاردەکە دەکەن باس بکەین..

**زانای ڕەفتار گەرایی(واطسۆن) لەکتێبەکەیدا(ڕەفتار گەرایی) (Behaviorism) ئاماژەی بە گریمانە بەناوبانگەکەی کردووە دەڵێ: 12 منداڵی تەندروستم بدەنێ، ئەتوانم هەر یەکێك لەو منداڵانە بە شێوەیەکی هەرەمەکی هەڵبژێرم، وە ڕاهێنانی پێ بکەم بەجۆرێك کە بتوانرێت ببێت بە پزیشك یاخود پارێزەر، هونەر مەند، بە چاوپۆشین لە توانا و ئارەزوی پێشینەی!**

**چەمکی فێربون: التعلم:**

لێرەدا هەندێك لەو چەمکانە دەخەینە ڕو لای زانایانی دەرونزانی لەگەڵ جیاوازی بیرو بۆچونیان:

لای جانییە(Gagne) بریتییەلە **"گۆڕان لە ئەداء و ڕاستکردنەوەی ڕەفتار".**

سکینەر(Skinner) "**پێکهێنان و ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری مرۆڤ".**

لای جیلفورد(Guilford) "**بریتییەلە گۆڕانی ڕەفتار لەئەنجامی وروژێنەرەوە".**

سۆرندایك(Thorndike) **"گۆڕان لە ئەداء و ڕاستکردنەوەی ڕەفتار لەئەنجامی ئەزمونەوە".**

فێرخوازی خۆشەویست بەسود وەرگرتن لەو پێناسانەی سەرەوە و بەتێرامانی خۆت پێناسەیەکی گشتگیر بۆفێربون بکە.

لەگەڵ جیاوازی قوتابخانەکانی دەرونزانی لە بۆچونیان بۆ سروشتی فێربون و دانانی پێناسەیەکی هاوبەش بۆفێربون، لەئەنجامی تێرامان لەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێن فێربون:

**پێناسەی فێربون:** دەتوانین بڵێین فێربون: هەمو ئەو گۆڕانکارییە نیمچە جێگیرانەیە کەلەسەرجەم ڕواڵەتە ڕەفتاریی و عەقڵی و کۆمەڵایەتی و هەڵچونی و زمانەوانی و جوڵەیەکانی مرۆڤ ڕودەدەن لەئەنجامی کارلێکی تاك لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی و ماددیدا.

**شێوەکانی فێربون:**

1-**فێربونی جوڵە"** وەك گۆڕانکاری لە لایەنی جوڵەیی. **2-فێربونی زانیاری**، وەك گۆڕانکاری لایەنی مەعریفی. **3-فێربونی هەڵچونی**، وەك گۆڕانکاری لایەنی هەڵچونی **4-فێربونی چارەسەرکردنی کێشەکان.** بابەتەکانی **فێربون و فێرکردن**، ئەو دوبابەتەسەرەکییەن کە دەرونزانی پەروەردەیی گرنگیان پێدەدات.

**جیاوازی نێوان فێربون و فێرکردن:**

لەگەڵ بونی پەیوەستێکی بەهێز لەنێوان ئەم دوپرۆسەیەدا، بەڵام بەکورتی هەندێك لەوجیاوازیانە دەخەینەڕو:

1-لەپرۆسەی **فێربوندا** گۆڕانکارییەکان دەکرێ ئەرێنی بن هەروەك چۆن دەکرێ نەرێنیش بن، <u>وەك فێربونی جگەرەکێشان</u>. **بەڵام پرۆسەی فێرکردن هەمیشە بەئاراستەی ئەرێنیدایە.** (دیارە مەبەستمان ئەو فێرکردنەیە کەلەدامەزراوە فێرکارییەکاندا بەئەنجام دەگات).

2-**فێربون** لەهەمو کاتێك ڕودەدات، **بەڵام فێرکردن لەژینگەی دیاریکراودا ڕودەدات.** بۆنمونە فێرکردن لەقوتابخانە کۆمەڵێك سیستمی دیاریکراو لەخۆ دەگرێت ئەوانیش: <u>فێرخواز، مامۆستا، پرۆگرامی خوێندن، بینایەی قوتابخانە...</u>

**3-فێربون**، لەچوارچێوەی کولتوری جیاوازدا ڕوودەدات کە ناتوانرێت پێوانە بکرێت. **بەڵام فێرکردن پرۆسەیەکی ڕێکخراوەو و مەبەستدارە بۆئامانجێکی دیاریکراو**، لەبەر ئەوە دەکرێت ئەنجامەکانی بپێورێت لە ڕێگەی تاقیکردنەوەکانەوە.

**4-فێربون** پرۆسەیەکی بەردەوامە بەدرێژایی تەمەن، لەدایك بونەوە دەستپێدەکات و تاکو مردن بەردەوام دەبێت. **لەکاتێك دا فێرکردن پرۆسەیەکە تایبەتە بەقۆناغێك و لەقۆناغێکی دیاریکراودا دەوەستێت**.

ڕاهێنانی بەگروپ: لەگەڵ گروپەکەت گفتوگۆی مەرجەکانی فێربون بکە، ئەو مەرجانە چین کەپێویستە لەکەسێکدا هەبێت بۆئەوەی بتوانێت فێرببێت؟ هەروەها ئەوهۆکارانەش کەدەبنەهۆی یارمەتیدانی زوفێربون.

**ئەوهۆکارانەی کاریگەریان لەسەر باشترکردنی پرۆسەی فێربون هەیە:** بەدڵنیاییەوە ئەگەر ژینگەی دەوروبەر و بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی تاك لەبارو گونجاو بێت ئەوە تاك باشتر فێردەبێت و ئامادەیی باشی تیا دەبێت بۆ فێربون بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، لەخوارەوە ژمارەیەك لەوهۆکارە کەسیانە ئاماژە پێ دەکەین کە کاریگەریان لەسەر فێربون هەیە:

**1-ئامرازەکانی ڕونکردنەوەوفێرکردن:** بەکار هێنانی ئامرازەکانی ڕونکردنەوەوفێکردن وەك بەکارهێنانی ئامرازی تەکنۆلۆژیای نوێ، گرنگیەکی زۆری هەیە لە پرۆسەی بەرەوپێشەوەبردنی پرسەی فێرکردن لە قوتابخانەو زانکۆکاندا، یارمەتی باشتر کارلێك و ئاڵ و گۆڕی زانیاری و بەئاسانی گەیشتن بەزانیارییەکان دەدات لەنێوان فێرخوازاندا( **ئادەم درایەر**) یەکێك لە شارەزایانی فێرکردن دەڵێت: ئامرازەکانی ڕونکردنەوە یەکێك لەبەهێزترین هاوپەیمانەکانی مامۆستا دادەنرێت. ئامرازەکانی ڕونکردنەوە ئەگەرتەنها وێنەیەکیش بێت وانەکە باشتر ڕون دەبێتەوە لای فێرخوازەکان. توێژینەوەزانستیەکان گرنگی بەکارهێنانی ئامرازی ڕونکردنەوە دەریانخستووە بۆ ئاسانکاری پرۆسەی تێگەیشتن و بیرهاتنەوەو وەرگرتن. لەو توێژینەوانەش توێژینەوەی ویسکانسن لە ئەمریکا، کە جەخت لەسەر ئاستی تێگەیشتن بەرز دەکاتەوە بۆ 200% لەکاتی بەکار هێنانی ئامرازە کانی ڕونکردنەوەی بینراودا.

**2-ئاگایی:** تیۆرڤانە کۆمەڵایەتی و مەعریفییەکان باوەڕیان وایە ئاگایی ڕەگەزێکی سەرەکییە لەپرۆسەی فێربوندا، لەهەمانکاتیشدا پێیان وایە تاك باشتر ئەوشتانەی بیردەکەوێتەوە کەفێری بووە کاتێك کە لە عەقڵی خۆیاندا دوبارەی دەکەنەوەو ڕاهێنانیشی لەسەر دەکەن، و وێنەیەکی زیهنی بینراو و بیستراویشی لەگەڵدا بێت. زۆر هۆکاریش هەیە وادەکات کە ئاگایی فێرخواز بڕوات، وەك: نزیکی هۆڵی خوێندن لە شوێنی دەنگ و هاتو هاوار و هاتوچۆی ئۆتۆمبێل و.... هەروەها بارو دۆخی فێرخواز و دورکەوتنەوەی لە دڵەڕاوکێ و پێدانی دڵنیای و ئاسودەیی و بیرکردنەوەی، ئەمانەش واله فێرخواز دەکات ئاگایی باشتر ببێت و بەباشی بتوانێت ئاگای لەوانەکان بێت و فێرببێت.

**ڕاهێنانی فردي:** هەوڵ بدە یەکێك لەو کاتانەت بێتەوە یاد کە تێیدا ئاگاییت ڕۆشتبو وەبۆچی ڕۆشتبو؟

**3-ڕاهێنان:** لەکاتی بونی پاڵنەر بۆ فێربون" ڕاهێنان دەرفەتی باشتر دەدات بەفێرخواز بۆفێربون و دورکەوتنەوەی زیاتری لە هەڵەکردن، یاخود بەکارهێنانی ڕێگای کورتتر بۆفێربون، یان بەکارهێنانی ئامرازی کاریگەرتر. باشتر وایە مامۆستا فێرخوازەکانی هانبدات بۆئەنجامدانی زیاتری ڕاهێنان، بۆ گەیشتن بە ئاستێکی بەرزی تێگەیشتن و هێشتنەوەی لە یادەوەریدا و گواستنەوەی کاریگەری فێربون لای

فێرخوازەکان. مەبەستیشمان لە ڕاهێنان گەیشتنە بە ئەزمون بەڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕێکخراو بە شێوەیەکی فەرمی کەلە دامەزراوە فەرمییەکاندا بەردەستە.

**4-پاداشت و سزا:** هەردو ئامرازی پاداشت و سزا ڕۆڵیان هەیە لە پرۆسەی فێربوندا. پاداشت پاڵنەر و پاڵپشتیکی باشە بۆ فێربون، ئەمە وادەکات لە فێرخواز هەست بەڕەزامەندی و ئاسودەیی بکات و دەبێتە هۆی بەهێزکردن و پاڵنەری زیاتر بۆخوێندن. **بەڵام سزا دەبێتە هۆی ئەوەی تاك خۆی لابدات لە ئەنجامدانی هەڵە بۆ جاری دووەم. بەڵام توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە پاداشت زۆر باشترە لە سزا لەپرۆسەی فێربوندا،** نەك هەر ئەوەندەش بەڵکو ئەوەشیان سەلماندووە کە سزا کاریگەری خراپی دەبێت و دەبێتەهۆی شاردنەوەی ڕەفتار و ڕق بونەوە لەخوێندن.

**بەڵام لەکاتی بەکارهێنانی هەریەك لە پاداشت و سزا پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:**

1-پێویستە پاداشت و سزاکە گونجاو بێت لەگەڵ جۆری ڕەفتارەکە.

2-پێویستە فێرخواز بزانێت بۆچی سزا یان پاداشتکراوە.

3-پێویستە پاداشت و سزاکە گونجاو بێت لەگەڵ تایبەتمەندییە دەرونییەکانی فێرخوازەکەدا. لەگەڵ هەندێکیاندا سزا ڕەنگە گونجاوتربێت و لەگەڵ هەندێکی تریاندا پاداشت گونجاوتربێت.

گومانیشی تێدا نییە ڕەچاوکردن ئە م خاڵانە دەبێتە هۆی ئەوەی هەریەك لە پاداشت و سزا زۆرکاریگەربێت لەسەر باشترکردنی فێربون و پابەند بون بە ڕێنماییەکانەوە.

**فێربونی خودی، التعلم الذاتي، Self Learning :**
چەمکی فێربونی خودی زۆر پەیوەستە بە چەمی فێربونی بەردەوام، بەیەکێك لەشێوەکانی دادەنرێت. جۆراوجۆری پێناسەکانی فێربونی خودی دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە فەلسەفییە جیاوازەکان و جیاوازی ئامانج و بۆچونیان، هەروەها جۆر و ئەزمونی توێژەران...**یەکێك لەو پێناسانە کە (یونس 1998)پێناسەی کردووە بریتییەلە: فێرکردنی خودی فێرخواز خۆی بۆ خۆی، بەپشتبەستن بە شارەزایی و تواناکانی و ئامادەییە کەسییەکانی لەڕێگەی ئەنجامدانی چالاکییە فێرکارییە جۆراوجۆرەکان.**

**گرنگی فێربونی خودی:**

گرنگی فێربونی خودی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

1-فێربونی خودی لەڕابوردو ئێستاشدا گرنگییەکی زۆری پێدراوەو پێی دەدرێت لای زانایانی دەرونزانی و پەروەردە، لەبەرئەوەی هەمو فێرخوازێك بەپێی ئەوشێوازەی کە گونجاوە لەگەڵ تواناکانیدا فێردەبێت و پشت دەبەستێت بە پاڵنەری تاك بۆفێربون.

2-فێرخواز ڕۆڵێکی ئەرێنی(ئیجابی)و چالاك دەگێڕێت لەپرۆسەی فێربوندا.

3- لە فێربونی خودی فێرخواز زۆربەباشی تواناکانی بەگەڕدەخات، ئەوفێربونەش بەدرێژایی تەمەن لەگەڵی دەمێنێتەوە.

4-ئامادەکردنی فێرخواز بۆئایندەو ڕاهاتنیان لەسەر هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی فێربونیان بەخودی خۆیان.

5-ڕاهێنانی فێرخواز لەسەر پرۆسەی چارەسەری کێشەکان و دۆزینەوەی ژینگەیەکی دەوڵەمەند بۆداهێنان.

6-زانست گۆڕانکاری خێراو گەورە بەخۆیەوە دەبنێت، کە سیستمی فێرکردن و ڕێگاکانی ناتوانێت لەگەڵی دەرچێت. لەبەر ئەوە پێویستە ستراتیجێك هەبێت کە فێرخواز پشت بەخۆی ببەستێت بۆ ئەوەی زانیارییەکانی بەشێوەیەکی خودی و کەسی پێبگات.

## فێربوونی چالاک و ستراتیژەکانی

فێربوونی چالاک تیۆرێکی نوێی پەروەردەییە کە کارایی خۆی سەلماندووە و پاڵپشتییەکی زۆری لە زۆربەی پەروەردەکارانەوە وەرگرتووە، بەو پێیەی زۆرێک لە توێژینەوەکان لەسەر ئەم بابەتە سەلماندوویانە کە بەشداریکردن و پاڵنەرکردنی فێرخواز لە کاتی وانەکەدا یارمەتیدەرە بۆ زیادکردنی توانای تێگەیشتن و دەرفەتی سەرکەوتنی گەورەتر دەخوڵقێنێت بۆفێرخواز بەراورد بە شێوازە تەقلیدییەکانی فێربوون کە تێیدا فێرخواز دەبێتە تەنها وەرگر، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە شێوازەکانی فێربوونی تەقلیدی بێسوود بوون و کاتی ئەوە هاتووە پشتگوێیان بخەین، بەڵام تێکەڵکردنی ئەو دوو شێوازە ڕەنگە باشترین ئەنجام بدات بەدەستەوە.

**پێناسەی فێربونی چالاک:**

فێربوونی چالاک بە فەلسەفەیەکی پەروەردەیی پێناسە دەکرێت کە ئامانجی چالاککردنی ئەرێنی ڕۆڵی خوێندکارە لە پرۆسەی پەروەردەییدا، وەرگرتنی خۆفێربوون لە بەدەستهێنانی زانیاریدا، وە بەدەستهێنانی لێهاتوویی پەروەردەیی لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و ئەزموونکردنەوە، وەک چۆن فێربوونی چالاک سەرنجی لەسەر فێربوونی زارەکی نییە؛ بەڵکو سەرنجی لەسەر پەرەپێدانی بیرکردنەوە و توانای چارەسەرکردنی کێشەکانە و بەرزکردنەوەی ڕۆحی هاوکاری و کاری تیمی.

**ستراتیجەکانی فێربوونی چالاک**

زۆر ستراتیژ هەن مامۆستا ئەوە هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵ خۆی و فێرخوازەکانیدا دەگونجێت، هەروەها ئەم ستراتیژە بە پێی ئەو بابەتە زانستییە دەگۆڕێت کە بۆ فێرخوازەکان دەخوێندرێت، وە بە کورتی باس لە چەند ستراتیژێکی فێربوونی چالاک دەکەین لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە :

**یەکەم: ستراتیجی دیالۆگ و گفتوگۆ**، ئەم ڕێبازە لە سەردەمی سۆکراتەوە لە پەروەردەدا ناسراوە، لە دەوری هاندانی بیرکردنەوە و بەشداریکردنی قوتابیان دەسوڕێتەوە، هەروەها ڕەخساندنی دەرفەت بۆ پرسیار و گفتوگۆ، هاوکات ڕێزگرتن لە بۆچوون و پێشنیازەکانیان. لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای توێژینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوەیان بنیادنراوە و هاوسەنگکردن لەنێوانیاندا و گفتوگۆکردن لەوانەکەدا. بەجۆرێك لەکۆتاییدا هەرفێرخوازێك بگات بەوزانیاریانەی کە هاوپۆلەکانی پێیگەیشتون لە وبابەتەدا، بەمجۆرەش هەمو فێرخوازەکان بەشداردەبن لەئامادەکردنی وانەکە.

**هەنگاوەکان:**

1 . ئامادەکاری بۆ گفتوگۆ.

2 . چوونە پێشەوە لە باسەکەدا.

3 . هەڵسەنگاندنی گفتوگۆکە.

لە کاتی وانەکەدا پرسیارێک یان چەند پرسیارێک دێتە ئاراوە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و بنکۆڵکردن هەیە، مامۆستا ڕێنمایی قوتابیەکانی دەکات بۆ گەڕان بەدوای وەڵامەکانیاندا لەو سەرچاوانەی کە لە

کتێبخانەی قوتابخانە یان سەرچاوەکانی تردا بەردەستن، فێرخوازان ئەو وەڵامانەی کە گەیشتوون پێی بنووسن وەک ئامادەکارییەک بۆ گفتوگۆکردنیان لە وانەیەکی دیاریکراودا. لە دانیشتنی گفتوگۆدا هەر خوێندکارێک ئەو زانیاریانەی کە کۆیکردۆتەوە لەسەر پرسیارەکە دەخاتە ڕوو، قوتابیەکان وەڵامەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن، مامۆستا پرۆسەی گفتوگۆکە ڕێکدەخات و بەڕێوەی دەبات.

**دەبێت مامۆستا ئەمانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرێت:**

1-پلانی دروست بۆوانەکە:- بەجۆرێک کە باسەکە تیشک بخاتە سەر ئامانجەکانی وانەکە یان ئەو بابەتەی کە لەژێر گفتوگۆدایە.

2-پێویستە مامۆستا گرنگی بدات بە جیاوازییە تاکەکەسییەکانی نێوان فێرخوازان، پێدانی دەرفەتی تەواو دادپەروەرانە بۆ هەموان بێ جیاوازی.

3-پێویستە مامۆستا گرنگیبدات بە پاڵنەری قوتابیان و ستایشکردنیان و ڕێزگرتن لە دەستپێشخەرییەکانیان.

**جۆرەکانی گفتوگۆ:**

**1-گفتوگۆی فێرکاری:** پشت بە پرسیارو وەڵام دەبەستێت بە شێوەیەک کە فێرخواز بەرەو بیرکردنەوەی سەربەخۆ و ڕاهێنانی بیرکردنەوەی ببات.

**2-گفتوگۆی دۆزینەوەیی دیالیکتیکی:** پشت بەو پرسیارانە دەبەستێت کە دەبێتە هۆی چارەسەری دروست، لەگەڵ وروژاندنی خۆشەویستی بۆ مەعریفەو گەیشتن بە زانینی پەیوەندی نێوان شتەکان.

**3-گفتوگۆکردن لە شێوەی گروپی هاوکاری:** کە تیایدا کۆمەڵێک فێرخواز لە شێوەی بازنەیەکدا دادەنیشن بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتێک کە لای هەموویان گرنگە.

**4- سیمینار:** پێکدێت لە بریاردەرو و ژمارەیەک فێرخواز، بەمەرجێک ژمارەیان لە شەش زیاتر نەبێت، و بە نیمچە بازنەیەک لە بەردەم هاوپۆلەکانیان دادەنیشن، بریاردەر بابەتی گفتوگۆکە دەخاتە ڕوو، ئاراستەی دەکات بەجۆرێك هاوسەنگی لە نێوان بەشداربووان هەبێت لە خستنەڕووی دیدگای خۆیان لەسەر بابەتەکە، پاشان پوختەیەکی کۆتایی لەبارەی بابەتەکە و ئەنجامی گفتوگۆکە دەخاتەڕوو.

5-گفتوگۆی دوانەیی: تیایدا دوو فێرخواز لەبەردەم پۆلدا دادەنیشن، یەکێکیان ڕۆڵی پرسیارکەر دەگێڕێت و ئەوی دیکەیان ڕۆڵی وەڵامدەرەوە دەگێرێت و لەوانەیە ڕۆڵەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن.

**6-گروپی کار:** لەم شێوازەدا کار لەسەر بنەمای پێکهێنانی گروپی بچووک لەناو پۆلدا دەڕوات، هەر گروپێک لایەنێکی جیاوازی کێشەیەکی دیاریکراو دەخوێنێتەوە، ڕەنگە گروپەکان دووبارە پێکبهێنرێنەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی کە ڕوون دەبێتەوە لەسەر بەرژەوەندی فێرخوازان و بابەتگەلی نوێ کە سەرهەڵدەدەن (فێرکاری هاوبەش).

**دووەم: ستراتیژیەتی تێرامانی هزری:** ڕێبازێکی زەینییە بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ژمارەی بیرۆکە لە گروپێک لە ماوەی دیاریکراودا بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەیەک بە شێوەیەکی داهێنەرانە یان بە بیرۆکەیەکی باش ئەگەر پێشتر هەبووبێت یان بۆ پەرەپێدانی بیرۆکەیەکی لە لای فێرخوازنەوە.

هەنگاوەکان:

1- دیاریکردنی ئامانج، خستنەڕووی ئەو بابەتەی کە دەبێت دیراسە بکرێت، ئەنجامدانی ئامادەکاریی زەینی و دەرونی پێویست.
2- هاندانی فێرخوازان بۆ ئەوەی هەموو وەڵامەکان یان بیرۆکەیەکی مومکین بدەنەوە.
3- هەوڵدان بۆ ڕاستکردنەوەی ئاراستەی بیرکردنەوەی فێرخوازان لەکاتی پێویستدا.
4- یارمەتیدانی فێرخوازان بۆ دەرهێنان و هەڵسەنگاندنی بیرۆکەی کۆتایی، و درێژەدان بە وانەکە.
5- خستنەڕووی بیرۆکەکان و تۆمارکردنیان لە شوێنێکی ڕوون لەسەر تەختە
6- پێشکەشکردنی لیستی ئەو بیرۆکانەی کە گروپەکان هاتوونەتە ئاراوە.
7- هەڵسەنگاندنی بیرۆکەکان.

**سێیەم: ستراتیژی چارەسەرکردنی کێشەکان:**

مەبەستلێی کۆمەڵێك پرۆسەیە کە تاکێک ئەنجامی دەدات بە بەکارهێنانی ئەو زانیاریانەی پێشتر فێری بووە، یان ئەو لێهاتووییانەی بەدەستی هێناوە بۆ تێپەڕاندنی دۆخێک بە شێوەیەکی نوێ و نامۆ و کۆنترۆڵکردنی و گەیشتن بە چارەسەر بۆی. میتۆدۆلۆژیای چارەسەرکردنی کێشەکان بریتییە لە ڕیبازێك کە تیایدا فێرخوازان دەخرێنە دۆخێکی ڕاستەقینەوە کە تێیدا مێشکی خۆیان بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی بگەنە حاڵەتێکی هاوسەنگی مەعریفی. چالاکیی چارەسەرکردنی کێشە بریتییە لە چالاکیەکی دەروونی مەعریفی کە بە هەنگاوە مەعریفییە دەروونییە ڕێکخراوەکان لە مێشکی فێرخواز بەرەوپێش دەچێت، کە دەتوانرێت توخم و هەنگاوەکانی بەم شێوەیە پێناسە بکرێت:

**1-هەستکردن بە کێشەکە:** ئەمەش بە درککردنی بە بەربەستێک یان ئاڵەنگارییەك کە ڕێگری دەکات لە گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو.

**2-دیاریکردنی کێشەکە:** واتە وەصفکردنی کێشەکە بەوردی، کەئەمەش یارمەتیمان دەدات سنورەکانی بکێشین و بەچی جیادەکرێتەوە لەوانیتر.

**3-شیکردنەوەی کێشەکان:** لەڕێگەی دەستنیشانکردنی توخمە بنەڕەتییەکانی کێشەیەک لەلایەن فێرخوازانەوە، وە درککردنی ئەو توخمانەی کە لە کێشەکەدا نین.

**4- کۆکردنەوەی زانیارییەکانی پەیوەست بە کێشەکە:** ئەمەش توانای فێرخوازان بۆدیاریکردنی باشترین سەرچاوەی زانیاری کەبەردەستن بۆئەوبوارەی پەیوەستە بەکێشەکە.

**5-پێشنیارکردنی چارەسەرەکان:** ئەمەش بە توانای خوێندکار بۆ جیاکردنەوە و دەستنیشانکردنی کۆمەڵێک گریمانەی پێشنیارکراوی بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک نیشان دەدرێت

**6-دیراسەی چارەسەرەپێشنیازکراوەکان بکرێت بەوردی،** لێرەدا چارەسەرەکە ڕوون و ئاشکرایە و وەرگیراوە، لەوانەیە ئەگەری چەند بەدیلێکی ئەگەری هەبێت، بەراوردێک لە نێوانیاندا بکرێت بە پشتبەستن بەو پێوەرانەی کە ئێمە دیاری دەکەین.

**7- چارەسەری داهێنەرانە:** ڕەنگە ڕێگەچارەیەکی گونجاو لەبەردەستدا نەبێت یان ڕەنگە نەگونجاو بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، بۆیە دەبێت بیر لە چارەسەرێکی نوێ بکرێتەوە و لەدەوروبەری ئاسییەکان

دوربکەویتەوە، بۆ گەیشتن بەم چارەسەر، ڕێبازی داهێنەری ناسراو پراکتیزە دەکرێت، وەک (هونەری تێڕامانی هزری)

ئەمە بەشێکی کەمە لە خەرمانی دەیان ڕێگای تری کاراو چالاك بۆوانەوتنەوە کەدەکرێ ئێوەی ئازیز بەدوایدا بگەڕین و خۆتان وەك مەلەوانێکی کارا ئاشنبن پێیان و لەکاتی پراکیزەکردندا بەکاریان بێنن.

## تایبەتمەندییەکانی فێربون: خصائص التعلم:

لەژێرڕۆشنایی بەشی دووەم ئەتوانین بڵێین تایبەتمەندییەکانی فێربون لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆدەکرێنەوە:

یەکەم/ فێربون پرۆسەیەکی نیمچە جێگیرە لەڕەفتار و ئەزموندا، ئەم سێ شێوەیەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

1-فێربونی ڕەفتار و ئەزمونی نوێ.

2-وازهێنان لە ڕەفتار و ئەزمونێکیتر.

3-ڕاستکردنەوەی ئەزمون و ڕەفتارێکیتر.

دووەم/ فێربون پرۆسەیەکە ئەنجامی کارلێکی تاکە لەتەك ژینگەی بەهەردو باڵی مادی هەرچی هەستپێکراو هەیەلەگەردوندا، و کۆمەڵایەتییەوە کە پێکدێت لە مرۆڤ و سیستمی هزری و بیروباوەڕو دامەزراوەکۆمەڵایەتییەکانیەوە.

سێیەم/ فێربون پرۆسەیەکی بەردەوامەو پەیوەست نییە بە شوێن و کاتێکی دیاریکراوەوە، لەساتی لەدایکبونی مرۆڤەوە دەستپێدەکات و بەردەوام ئەبێت بەدرێژایی ژیانی مرۆڤ، بەڕەچاوکردنی ئەوەی خێرایی فێربون و چەندایەتی و چۆنایەتییەکەی لەقۆناغێك بۆقۆناغێکی تر لەتەمەنی مرۆڤ ئەگۆڕێت.

چوارەم/ فێربون پرۆسەیەکی تەدریجی کەڵەکەبونە، ئەزمون وشارەزاییەکانی تاك زیاتر ئەبن بە تێکەڵبون و کارتێکەرەجیاوازەکان و هەڵوێستەجۆراوجۆرەکان. لەم پرۆسەیەدا تاك پشت ئەبەستێت بە ئەزمونەکانی پێشوی، کاتێك ڕوبەڕوی کێشەیەکی نوێ ئەبێتەوە، ئەگەڕێتەوە بۆئەزمونەکانی پێشوتری..

پێنجەم/ فێربون هەمو ڕەفتارە باش و نباشەکانیش ئەگرێتەوە. سروشت و جۆری ڕەفتارەکانیشی ئەوەستێتەسەر ئەو هەڵوێستانەی کە تاك کارلێکی لەتەك ئەکات و ئەیبینێت لەکۆمەڵگەدا. ئەکرێ فێری ڕەفتاری مرۆڤدۆستی و هاوکاری و خۆشەویستی ببێت هەروەك ئەکرێت فێری ئیرەیی و ڕق و قین و خۆپەرستی ببێتەوە.

شەشەم/ فێربون ئەکرێ مەبەستداربێت و ئاراستەکراوبێت بۆڕەفتارێکی دیاریکراو، هەروەك ئەکرێ بێمەبەستیش بێت لەئەنجامی کارلێکی تاك لەتەك ژینگەی کۆمەڵایەتیدا.

حەوتەم/ فێربون پرۆسەیەکی گشتگیرە، کورتناکرێتەوە لە هەندێك لایەنی ڕەفتاری دیاریکراودا، بەڵکو هەمو گۆڕانکارییە ڕەفتاری و عەقڵی و هەڵچونی و کۆمەڵایەتی و جوڵەیی و زمانەوانی و ئەخلاقی و داب و نەریت و بەهاکان و ڕێساکانی ڕەفتار ئەگرێتەوە.

## **بەشی سێیەم/ پاڵنەری مرۆیی:**Motivation

**ئەم گوتەیە تاوتوێبکە:** پێویستییە تێرنەکراوەکان داینەمۆی سەرەکی ڕەفتارن!

ئایا پاڵنەر شتێکی مادییە؟ دەتوانین بیبینین؟

نەخێر، لەبەرئەوەی پاڵنەر وروژێنەرێکی ناوخۆیی یان هێزو ئامادەگییەکی ناوخۆیە، لەئەنجامی هەڵسوکەوتی بونەوەری زیندووەوە هەستی پێ دەکەین، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لەبەرئەوە پاڵنەر پێکهاتەیەکی گریمانەییە وەك زیرەکی و کەسایەتی و و فێربون، ئێمەش وەك زانا سروشتییەکان، هێزی کێشکردنی زەوی ڕاستەوخۆ هەست پێناکەین بەڵکو بەهۆی کۆمەڵێك دیاردەی ترەوە هەستی پێ دەکەین.

**فێر خوازی خۆشەویست، لەگەڵم هاوڕای؟ ئێمە بەبێ بونی پاڵنەر ناتوانین هیچ کارێك ئەنجام بدەین؟**

تائێستا لەدەوروبەرت تێبینی ئەوەتکردووە خەڵکانێك کارێکی باشیان هەبووە و موچەیەکی زۆر باشیشیان وەر گرتووە، بەڵام وازیان لەکارەکەیان هێناوە، یان ئەگەر بۆیان بکرێت وازی لێ ئەهێنن؟ لەبەرئەوەی پاڵنەری پێویستیان نییە بۆ بەردەوامیدان بەوکارە.

کاتێك کەپاڵنەری بەهێزت هەبێت بۆئەنجامدانی کارێك، ئەوە ئارەزو و وزەی زۆرت دەبێت بۆئەنجامدانی، هەردەم ئیدراك و ئاگاییت لای ئەو کارە دەبێت. بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە. کەواتە ئەم داینە مۆیە(پاڵنەر) چییە؟ سەرچاوەکەی لەکوێ یە؟ چۆن بتوانین پاڵنەرمان هەبێت؟ لەمەش گرنگتر ئەوەیە چۆن بتوانین بەردەوام بین لەسەر پاڵنەرایەتی... کەواتە ئەم بابەتە باسی ئەم بەشەمانە:

**وشەی پاڵنەر بەئینگلیزییەکەی(Motivation) لە وشەیەکی لاتینییەوە هاتووە(Matere) واتە دەجولێ، ئەگەر لە وشەی مۆتیڤەیشن وردبینەوە دەبینین لە دو وشە پێك دێت(Motive + Action) واتە هەڵسو کەوت لەئەنجامی پاڵنەرەوە.**

بابەتی پاڵنەرە بابەتێکی گرنگە لای زانایانی دەرونزانی، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی زاناکانی ئەم بوارە، بۆنمونە مکدوگل(Mcdougal) ناوینا غەریزەکان، فرۆید(Freud) گرنگییەکی زۆری دا بە پاڵنەرایەتی لە بیردۆزی سێکس و شەڕانگێزیدا، فرۆم(Fromn) و ماسلۆ(Maslow) لەبیردۆزەکەیان بۆپێویستییەکان گرنگیانپێداوە، بەهەمانشێوە موورای(Murray) گرنگییەکی زۆری پێدا لە تیۆرەکەیدا. نەك هەر ئەوەندەش بەڵکو کۆمەڵێك توێژینەوەی زانستی ئاماژەیان بەوەداوە پەیوەندییەکی بەهێزهەیە لەنێوان پاڵنەرایەتی و سەرکەوتن و ئاراستەکردنی ڕەفتاری مرۆڤ ، و کاریگەری پاڵنەرایەتی لەسەر بڕیاروەرگرتن و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و لایەنی دەرونییەوە هەیە.

زۆربەی پسپۆڕانی بواری دەرونی لەسەر ئەوە کۆکن کە هۆکاری زۆری چالاکی مرۆیی و جۆراوجۆری بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ زۆری پاڵنەرەکان و گرنگیدانەکانی مرۆڤ. زۆری و جۆراوجۆری ئەم پاڵنەر و پێویستی و ئارەزوانە لای تاك دەبێتە هۆی جیاوازی شێوازی ڕەفتار، بەمەبەستی تێرکردنی پاڵنەرێکی تایبەت. تێبینی دەکەین تاکەکان لەهەندێ هەڵوێستدا بەشێوەیەکی سەیر مامەڵە دەکەن کەچی هەر ئەو تاکانە لەهەڵوێستی تردا بەشیوەیەکی تر ڕەفتار ئەنجام دەدەن، بەجۆرێك لەهەندێ هەڵوێستدا ڕەفتاری توندو لەهەندێکی تردا هەڵوێستی ئاسایی ئەنجام دەدەن، وەڵامدانەوەیان بۆ هەندێك وروژێنەر دەبێت و بۆهەندێکی تر نایانبێت. بۆنمونە هەندێك جار مرۆڤ زۆر گرنگی بەڕواڵەت و ڕێك پۆشی خۆی دەدات و لەهەندێك هەڵوێستی تردا گرنگی پێنادات، هەندێك جار بەشەوقەوە ژەمە خواردنێك دەخوات و لەهەڵوێستێکی تردا ئەوشەوق وزەوقەی نییە.

ئەم جۆرە barودۆخانە ڕەنگە بەهۆی بونی پاڵنەر و پێویستی و گرنگیپێدانەکانەوە بێت لای تاك. گرنگیدان بە پاڵنەر(Motivation) واتە زانینی هۆکارە سەرەکییەکانی پشت ئەنجامدانی ڕەفتاری مرۆیی و ئەوگۆڕانکاری و جۆراوجۆرییەی کە بەسەریدادێت.

**پێناسەی پاڵنەرایەتی:** پاڵنەرایەتی دۆخێکی فسیۆلۆجی و دەرونییە لای بونەوەری زیندو، وروژێنەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کاری تێدەکەن، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەنجامدانی چالاکییەکی دیاریکراو و بەردەوامیش دەبێت تادەگات بەئامانجەکەی، بە گەیشتن بەئامانجەکەش وروژێنەرە دەرونی و فسیۆلۆجییەکان کەم دەبنەوە.

ئەگەر بونەوەری زیندو نەگەیشتە ئامانجەکەی، ئەوا هەست بەنیگەرانی و ناخۆشی دەکات، پاڵنەرەکانیش ئامانجیان کەمکردنەوەی ئەونیگەرانی و گرژبونەیەو ڕزگاربونە لێی. بەمانایەکیتر بونەوەری زیندو کاردەکات بۆ نەهێشتنی ئەو دۆخە ناجێگیرەو تێرکردنی ئەوپاڵنەرانەی کە ئاراستەی دەکەن.

**ئەرکەکانی پاڵنەر:**
1-وروژاندنی ڕەفتار.
2-ئاراستەکردنی ڕەفتار.
3-بەردەوامیدان بەڕەفتار.
4-باشکردنی ئەنجامدانی ئەرکەکان.

**جۆرەکانی پاڵنەر:** پاڵنەر و پێویستییەکان دەکرێن بە دو گروپەوە بەپێی سەرچاوەی وروژاندنی:

**یەکەم: پاڵنەری ناوخۆیی:** ئاماژەیە بۆکۆمەڵێك پێویستی و ڕەمەکی بایۆلۆژی کەلەگەڵ لەدایکبونی مرۆڤدا لەدایك دەبن، پێویستی بەفێربون نییە؛ هەمو پێویستییە گشتیەکان دەگرێتەوە لای هەمو تاکێك، ناودەبرێت بە پاڵنەرەسەرەکییەکان یان پاڵنەری مانەوە، لەبەرئەوە پێویستە بۆ مانەوە و بەردەوامی ژیان لای بونەوەری زیندو. وەك پاڵنەری: برسێتی، تینویەتی، ڕزگاربون لەپاشماوە، سێکس، خەوتن، پاراستنی پلەی گەرمی لەش، پاراستن لە ئازار، ماندوبون، ئاسایش، هەناسەوەرگرتن و هەناسەدانەوە..تاد

**دوەم: پاڵنەری دەرەکی:**ئەمە ناودەبرێت بە پاڵنەرە وەرگیراوەکان، کەلەڕێگەی پرۆسەی کارلێکی تاك لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتیی و مادییەوە فێریان دەبێت بەپێی سیستەمی پاداشت و سزا کە کۆمەڵگا دایڕشتوە. ئەم پاڵنەرانەش کۆمەڵێك پێویستی دەرونی و کۆمەڵایەتین لەوانە: پێویستی بە ئینتیما، ڕاستگۆیی، سەرکەوتن، ڕەزامەندی کۆمەڵایەتی، کۆنترۆڵ، تاد...ئەم پێویستیانە لەڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە گەشەدەکەن، کەلە خێزان و قوتابخانە و کۆڵان و خانەکانی خواپەرستی و دامودەزگا فێرکاری و کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە تاك فێریان دەبێت ولەڕێگەی لاسایی کردنەوەو بەژداری لەکولتوری گشتی و لاوەکیدا و بەهێزتریش دەبن لەڕێگەی پێداچونەوە و پاداشت و سزاوە.

**سیفاتەکانی ئەو فێرخوازانەی کەپاڵنەرایەتیان بەرزە:**
1-پەرۆشن بۆ فێربون و مامەڵەی دروست لەهەڵوێستە پەروەردەییەکاندا.
2-ئەرکەکانیان بەجوانی ئەنجام دەدەن.
3-خۆبەخشی و دەستپێشخەری بۆئەنجامدانی هەر ئەرك و داخوازییەك لەدەروەی ئەرکە فێرکارییەکان.
4-بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی پشت بەخۆی دەبەستێت، بەبێ ئەوەی کەس بیری بهێنێتەوە یان زۆری لێبکات.
5-سود لەهەڵەکانی وەردەگرێت، دەرك بەوەشدەکات کە هەڵەکردن بەشێکی سروشتییە لەفێربوندا.
6-باشترکردنی ئاستی کارەکانی بەشێوەیەکی بەردەوام.

## ئاراستە تیۆریەکانی لێکدانەوەی پاڵنەرایەتی:

کۆمەڵێك ئاراستەی تیۆری سەریان هەڵدا بۆ لێکدانەوەی پاڵنەرایەتی و ئەوهۆکارانەی کەپەیوەندیدارن پێیەوە لای مرۆڤ، لێرەدا تەنها باس لەیەك لەو تیۆرانە دەکەین، بەوهیوایەی فێرخوازانی خۆشە ویست خۆیان لەکات و دەرفەتی شیاودا لەسەرچاوەکانەوە بەدواداچونی بۆبکەن.

## تیۆری مرۆیی-النظرية الانسانية Humanistic theory

تیۆری ماسلۆ (Maslow, 1970) بۆپێویستییەکان. ئەم تیۆرە وەك وەڵامدانەوەیەك هات بۆ تیۆری شیکاری دەرونی فرۆید، کەپێی وابو سەرچاوەی ڕەفتار بایۆلۆژییە کە خۆی لە غەریزەدا دەبینێتەوە(غەریزەی مردن و ژیان) ڕەخنەشی گرت لە قوتابخانەی ڕەفتاری کە پێیان وایە پاڵنەری ڕەفتار کۆمەڵێك هۆکاری وەك پاداشت و بێ بەشکردن و بەدەستهێنان وپاداشتە.

ماسلۆ وای دەبینێت کە پاڵنەر و پێویستی لای مرۆڤ بەشێوەیەکی هەرەمی گەشە دەکات، پاڵنەرایەتی لای تاك دەوەستێتەسەر هەوڵدانی بۆ بەدیهێنانی پێویستیەکانی کەلە ئاستە نزمەکانەوە دەستپێدەکات و دواتریش دەگوازرێتەوە بۆئاستە بەرزەکان (کەلە هەرەمەکەدا ڕونی دەکەینەوە)جەخت لەسەر ئیرادەو ئازادی تاك دەکاتەوە لەسەر بڕیاردان لەسەر هەوڵدان بۆ گەشەی کەسی و تێرکردنی پێویستیەکانیان. وای دەبینێت کە تاك بەشێوەیەکی شێلگیرانە هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان و تێرکردنی پێویستیەکانیان بەپێی پێورەرێکی هەرەمی کە بەشێوەیەکی ڕیزبەندی و گرنگیان ڕێکخراوەو پۆلێنیکردون بۆ دو گروپی سەرەکی: **پێویستیە بنەڕەتییەکان** کە خۆی لە پێویستیە فسیۆلۆژی و پێویستیەکانی مانەوە و بەردەوامی بونەوەری زیندو وەك: خواردن و خواردنەوە ئۆکسجین و شوێنی حەوانەوە و سێکس...، **پێویستییە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکان** کە ناو دەبرێت بە پێویستییەکانی گەشەکردن وەك پێویستی بە ئەمن و ئاسایش، ئینتیما و مەعریفە، ڕێزگرتن و پێویستی جوانی، پاشان خود جێ بەجێکردن(تحقيق الذات) بەم شێویەی خوارەوە:

هەرەمی ماسلۆ بۆ پێویستییەکان و پاڵنەرایەتی







ماسلۆ وای دەبینێت کە پاڵنەری تاك بۆ بەدیهێنانی پێویستییەکانی خوارەوە وەك فسیۆلۆژی و ئاسایش زیاد دەکات لەکاتی هەوڵدان بۆتێرکردنیان. کەسی برسی بەردەوام لەهەوڵدایە بۆ گەڕان بەدوای خۆراکدا تا تێر دەبێت، بەجۆرێك تا برسی بێت ناتوانێت هەوڵی تێرکردنی پێویستیەکی تربدات. کاتێك پێویستیەکانی خوارەوە تێردەبن، پاڵنەر بۆتێرکردنی پێویستیەکانی تر زیاددەکات لای مرۆڤ.

**1-پێویستییە فسیۆلۆجییەکان:** ئەمەش پەیوەستن بە مانەوەی مرۆڤ وەك( خۆراك ئاو، ئۆکسجین، پلەی گەرماو سەرما، پشودان و نوستن، سێکس...)ئەگەر فێرخواز هەستی بە تینویەتیکرد، پێویستە ڕێگەی پێبدرێت بچێت ئاوبخواتەوە، خۆئەگەر ئازاری هەبێت یان برسی بێت ئەوە ناتوانێت ئاگای لە وانەکە بێت بۆیە پێویستە و باشتر وایە هاوکاری بکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی.

**2-پێویستییەکانی ئەمن و ئاسایش:** پێویستە خەڵکی هەست بە ئەمن و ئاسایش بکەن لەژینگەکەی خۆیاندا، فێرخواز ژینگەیەکی خۆش دەوێت لەقوتابخانە کەهەست بەئاسودەیی و دڵخۆشی بکەن، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر بەوجۆرە نەبێت هەست بە دڵ توندی و نیگەرانی دەکەن.

**3-پێویستییەکانی خۆشەویستی و ئینتیما:** خەڵکی هەوڵی دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن لەگەڵ ئەوانیتر، تاکو هەست بکەن ئەوان قەبوڵکراون لەلایەن گروپەکانەوە، فێرخوازێك لەپۆلی چواری بنەڕەتی گرنگی بەبونی هاوڕێیەکی میهرەبان دەدات لەگەڵی یاریبکات، هەروەك چۆن هەرزەکارێکیش هەوڵی ئەوەدەدات لەلایەن گروپەکۆمەڵایەتییەکانەوە قەبوڵکراو بێت، بەوجۆرەی کەهەیە و ئەو ستایلی جلو بەرگ و پێڵاو قژ داهێنانەی کەباوە لەنێوانیاندا.

**4-پێویستی ڕێزگرتن:** یەکەم جار پێویستە تاك هەستی خودڕێزگرتنی هەبێت(تقدير الذات) هەروەك پێویستیان بەوە هەیە کەخەڵکیش ڕیزیانبگرن(ڕێزگرتن لەوانیترەوە) تاکو فێرخواز بگات بەم پلەیە پێویستە لەسەری لە ئەرك و واجبات ئەنجامی بدات و بەجۆرێك مامەڵەبکات کە خەڵکی ڕێزی بگرن و قەبوڵیان بکەن.

**5-پێویستییە مەعریفییەکان:** ئەمەش ئاماژەیە بۆبونی ئارەزو تێگەیشتن و بەدەستهێنانی مەعریفە دەوەستێتە سەر چالاکییە فزولییەکان و دۆزینەوەی سەرچاوە مەعریفییەکان.

**6-پێویستییەکانی جوانی:** ئەمەش ئاماژەیە بۆبونی ئارەزوی بونی بەها جوانییەکان و ڕێکخستن و تەنسیق لەژیاندا، جا لایەنی ڕیکخستنی ڕێك پۆشی و ژور و ناوماڵ بێت یاخود ڕێکخستنی پەیوەندییەکان و ڕۆتینیاتی ژیانی ڕۆژانە.

**7-خود جێ بەجێکردن:** خەڵکی پێویستیان بە خود جێبەجێکردن و ئەوەی ئەیانەوێت پێی بگەن هەیە، ئەوانەش کەئەیانەوێت بگەنە لوتکەی هەرەم هەوڵی بێوچان دەدەن و چەندین چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن.

لەبواری پەروەردەشدا ئەگەر بەرودی لەم تیۆرە بڕوانین دەبینین گرنگییەکی زۆری هەیە، بۆنمونە ئەگەر فێرخوازێك بەرەو قوتابخانە بڕوات و برسی بێت، یان نەخۆش بێت، یان هەست بەسەرماو گەرمای زۆر بکات، یاخود هەست بە سەقامگیری ناوخۆیی و دەرەکی نەکات؛ ئەوکاتە ناتوانێت بیر لە پاڵنەری دەست کەوتو بەدەستهێنان و وەفا و خۆشەویستی بکاتەوە. **لەبەرئەوە پێویستە لەسەرمامۆستا ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:**

1-زۆر پێویستە گرنگی تەواو بە تێرکردنی پێویستیە فسیۆلۆجی و دەرونیەکانی فێرخواز بدرێت. ئەو فێرخوازانەی کەدێن بۆ قوتابخانە بەبرسێتیی و سەرما و خەوبردنەوەو نەخۆشی، بێگومان چاوەڕێی فێربونیان لێناکرێت.

2-زۆر پێویستە دڵنیایی و ئارامی بدرێت بە فێرخواز لەژینگەی قوتابخانە و خوێندندا. ئەو فێرخوازەییان ترس و نائارامی لادروستببێت، بەدڵنیاییەوە پاڵنەری ئینتیما و خود جێبەجێکردنیان لادروست نابێت و هەوڵی گەیشتن بە قۆناغەکانی دواتر نادات.

3-پێویستە لەسەر دامودەزگای فێرکاری کە بەتەواوی هەلی یەکسان بڕەخسێنێت بۆ سەرجەم فێرخوازان، هەست بە ئینتیما بکەن و هانیان بدات بۆ خوێندن.
4-مامۆستای سەرکەوتو ئەومامۆستایە کەڕێزی فێرخوازەکانی دەگرێت و کارلەسەر بنادنانی باوەڕ بەخۆبون لای فێرخوازەکانی دەکاتەوە بۆسەرکەوتن.
5-وادەکات لە ژینگەی پۆل، بەتەواوی سەرنج ڕاکێش بێت بۆ فێربون و خوێندن.
6-ئاراستەکردنی فێرخوازان بەرەوپسپۆڕێتی بەپێی ئەو خولیاو تواناو ئەوبەهرانەی هەیانە.
7-چاندنی خۆشەویستی بۆپیشە لەناخی فێرخوازاەکاندا و ئاگادارکردنیان لەوەی کەلەسەر ڕێگای سەرکەوتنن.

**بۆئەوەی بگەیتە لوتکە ڕەچاوی ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەبکەرەوە:**

((واقع بینی...تواناى خۆقەبوڵکردن و قەبوڵکردنی ئەوانی تر وەك خۆیان کەهەن.... سادەیی و لەخۆوەیی و سروشتی بون.... جەختکردن لەسەر کێشەکان و چارەسەرکردنیان...سەربەخۆبون و ئیکتیفاى کەسی و جۆرێك لە پشت بەخۆبەستن...بینینی شتەکان بە شێوە و فۆرمێکی نوێوەو خۆ تەسلیم نەکردن بەتەقلید... تواناى دروستکردنی پەیوەندی قوڵ و سەرکەوتو لەگەڵ ئەوانی تر... ئاراستەی بەها دیموکراسیەکان.... مرۆڤی مەبدەئی و تجاوزکردنی جیاوازیەکان....تواناى داهێنانکاری و نوێکردنەوە.... کامل بون و هاوسەنگی کەسایەتی...تاد...))

**مامۆستا چۆن بتوانێت پاڵنەرایەتی بۆ فێرخوازەکانی دروستبکات؟ کۆمەڵێك پێشنیاز لەوبارەیەوە:**

1-بەکارهێنانی شێوازی ئاراستەکردنی پرسیارو گفتوگۆ لەجیاتی پێشکەشکردنی زانیارییەکان بەئامادەکراوی.

2- دورکەوتنەوە لەشێوازی گاڵتەپێکردن و وشەی نەشیاو بەکارهێنانی سزای جەستەیی.

4-بەکارهێنانی فێربونی خودی، لەڕێگەی ئامادەسازی فێرخواز بۆ خود دۆزینەوە(کشف الذات)

5-پێدانی بوار بەفێرخواز بۆ ئەنجامدانی چەند هەڵەیەك لەکاتی پرۆرسەی فێربوندا، لەبەر ئەوە ئەمە یەکێکە لەمەرجە سەرەکییەکانی دۆزینەوەی تواناو بەهەرەکانی فێرخواز، ئەمەش لەڕێگەی چەندچالاکییەکی هزرییەوە.

6-دروستکردنی دۆخێك پڕلە خۆشەویستی و وابەستەیی و دیموکراسی و ڕێزگرتن و قەبوڵکردنی یەکتری چ لەنێوان فێرخوازان بێت یان لەنێوان مامۆستا و قوتابی.

7-بەکارهێنانی ئامرازەجیاوازەکانی فێرکردن.

8- گواستنەوە لە ئاسانەوە بۆ قورس لەسادەوە بۆ ئاڵۆز.

9-گرنگیدان بەپێویستیە فسیۆلۆژی و ئاسایش و ئارامی فێرخواز، لەبەرئەوە تێرکردنی ئەمانە یارمەتیدەرە لە ئاسانکردنی فێربوندا.

پێویستە لەسەر مامۆستا بەباشی ئەم خاڵانە بەکار بهێنێت لەپرۆسەی فێرکردندا..لەبەرئەوە پاڵنەرایەتی زۆر کاریگەری لەسەرڕەفتارو بەردەوامیدان هەیە لەپرۆسەی فێرکردندا، لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە فێرکاریەکان.

**ڕاهێنان:** فێرخوازی خۆشەویست، بەپێی توانا، سەردانێکی مەیدانی ئەنجام بدە بۆ یەکێك لە ئامادەییەکان کە پێتوایە ڕێگات پێ دەدەن بۆ ئەم کارە، هەوڵبدە چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند مامۆستایەکی سەرکەوتو ئەنجام بدەیت، هەوڵبدە، لەگەڵیان ئامادەبە لە وانەیەکدا بزانە ئەو مامۆستایانە چۆن ڕێگاکانی پاڵنەرایەتی بەکار دەهێنن و چەندە کاریگەرن، لەکۆتاییدا هەوڵ بدە ئەمە ببەستیتەوە بە ئاستی ڕاهێنانی مامۆستاکان و ئەزمونیان لەو پیشەیەدا.

## بەشی چوارەم/ جیاوازی کەسی و پرۆسە عەقڵییەکان کەپەیوەندیدارن بە فێربونەوە:




### یەکەم/جیاوازی کەسی "الفروق الفرديه" Individual Diffrences:

جیاوازی کەسی دیاردەیەکی گشتییە لای هەمو بونەوەرەکان....هەروەك چۆن مرۆڤ لە شێوەو ڕوخسار ڕەنگ و بەژن و باڵاو کێش جیاوازە..... بەهەمان شێوە لە زیرەکی و ئیحساس و ئارەزو و ئاوات و ئیدراك و میزاج و کەسێتی و ئاراستە و هزرو ئاگاییشدا جیاوازن.

زانینی جیاوازی کەسی و توانا عەقڵییەکانی فێرخوازان بۆ مامۆستایان و ئەوانەی لەبواری پەروەردەو فێرکردندا کاردەکەن، یەکێکە لە بابەتەگرنگەکان، کاتێك مامۆستا جیاوازییەکانی فێرخوازانی زانی، ئەوە زۆر بەئاسانی ئەتوانێت شێوازی وانەوتنەوەکەی بەو جۆرەبێت کە زۆرینەی فێرخوازەکانی لێی تێدەگەن.

**ڕیشەی گرنگیدان** بەجیاوازی کەسی ئەگەڕێتەوە بۆئەدەبیاتی یۆنانی... بەتایبەتیش لای ئەفلاتون و ئەرستۆ...

بۆنمونە **ئەفلاتون** پێی وایە: هەرگیز دو کەس لەدایك نابن وەك یەکبن لەتواناکانیاندا، بەڵکو ئەکێکیان لەویتریان جیاواز ئەبێت لەسیفات و تایبەتمەندییەکانیدا..، یەکێکیان بۆ پیشەیەك ئەبێت و ئەویتریشیان بۆ پیشەیەکی تر.... دیارە لێکدانەوەی ئەفلاتون لێکدانەوەیەکی **بۆماوەییە**.

بەڵام **ئەرەستۆ** کە قوتابی ئەفلاتون بو...گرنگی بەجیاوازی کەسی داوە لەنێوان تاکەکان و گروپەکان و هەروەها ڕەگەزیشدا لە سیفات و تایبەتمەندییە عقڵی و جەستییەکاندا.. باوەڕیشی وابو هەرکەسێك توانای لەیەکێك لەبوارەکاندا هەیە، وەك: هونەر و ئەدەب و وەرزش و پزیشکی و زانستەکان و ئەندازیاری و ..تاد..هەرچی ئبن خەلدونە دامەزرێنەری فەلسەفەی مێژو و کۆمەڵناسیشە باوەڕی وایە جیاوازی تاکەکان پەیوەندی بە کاریگەرییە جوگرافییەکانەوە هەیە... زانای ئەڵمانی **ولیەم فۆنتیش** یەکەم تاقیگەی دانا بۆدیراسەکردنی جیاوازییە کەسییەکان لەئەڵمانیا. ئەوتا شاعیری گەورەی عێراقی ألأصمعی ئەڵێت " **لا يَزَالُ النَّاسُ بِخَيْرٍ مَا تَبَايَنُوا، فَإِذَا تَسَاوَوْا ، هَلَكُوا**" ئەم تێڕوانینەی ئەصمەعی و تێکڕای زاناکانی تر....مانای ئەوەیە پێویستە مرۆڤەکان پێکەوەبژین" بەڵام بەپارساتنی جیاوازییەکەسییەکانیان،... لەبەرئەوە مرۆڤ ناتاونێت بەتەنها بژی.....چونکە ناتوانێت سەرجەم پێویستییەکانی خۆی دابینبکات...

بۆنمونە تۆ وەك فێرخوازێکی زانکۆ ناتوانیت ..لەیەك کاتتدا ئەندازیاربیت، مامۆستا و پزیشك و جوتیار بیت. هەمو پێویستییەکانت دابینبکەیت، زۆرترین شت کەبتوانی بیکەیت ئەوەیە لەبوارێك لەبوارەکانی زانست پسپۆڕێتییەك وەربگریت....بەڵام بۆدابینکردنی پێویستییەکانی ترت .....بێگومان...پێویستت بەخەڵکانی ترە بۆت فەراهەم بکەن...بەم شێوەیەش تەکاملی پێویستییەکان ڕودەدات و ...لەهەمانکاتیشدا دەبێتە جۆرێك لە کێبەرکێ و پێشکەوتن لەبوارەجیاوازەکانی ژیاندا، هەرلەبەر ئەمەشە جیاوازییەکانی مرۆڤ ڕەحمەتە.

بێگومان زانایانی دەرونزانیش جەخت لەسەر ئەوە ئەکەنەوە تاکەکان جیاوازن لەیەکتری لەتواناکانیان بۆفێربون و چارەسەری کێشەکان و فێربونی زمان و ڕەفتارو توانا مەعریفییەکان و وەڵامدنەوەیان بۆ هەڵوێستە جیاوازەکان وەك ترس و ڕەفتاری شەڕانگێزی و چالاکییە جۆراوجۆرەکان.

کاتێکیش کە مامۆستا بۆیەکەمینجار دەچێتە پۆلەوە لەوەتێدەگات کە فێرخوازەکانی لەیەکتر جیاوازن لە تواناکانیان بۆ فێربون ..بەتەنها ئەمەش بەس نییە بۆمامۆستا بەڵکو پێویستە سروشتی ئەوجیاوازیانەش بەوردی درك بکات و گرنگی بەشێوازەکانی مامەڵەکردن لەتەکیدا

**چەمکی جیاوازی کەسی: (مفهوم الفروق الفردیە)**

**پێناسەی جیاوازی کەسی:** ئەو ناچونیەکەیە کەلەنێوان تاکەکاندا هەیەو لەیەکتریان جیادەکاتەوە لە لایەنەکانی **جەستەیی و عەقڵی و هەڵچونی و کەسایەتییانەوە...**

**ئەوهۆکارانەی کارلە جیاوازی کەسی دەکەن:**

**یەکەم: بۆماوە(الوراثە)** مەبەستمان چییە لە بۆماوە؟ گواستنەوەی هەندێ لە سیمات و تایبەتمەندی جەستیی و بەژن و باڵا و کێش و و ڕەنگ و شێوەی دەمو چاو زیرەکی و کەسایەتی بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەباوك و دایکەوە بۆ منداڵەکانیان یان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لە باپیران و خزمانەوە بۆنەوەکانیان.

ئەمەش مانای ئەوە نییە کە منداڵ هەمان تایبەتمەندی باوان بەهەمان ئەندازەو کۆپی باوانی بێت یان هەمان تواناو لێهاتوییەکانی ئەوان هەڵبگرێت...بێگومان تێبینی ئەو جیاوازییەت کردووە کەلەنێوان تۆ و خوشك وبراکانتا هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەمان تایبەت مەندی کەبۆتۆ گواستراوەتەوە هەمان ئەو تایبەتمەندیانە نییە کە بۆئەویش گواستراوەتەوە... ئەمەش یەکێکە لەهۆکارەکانی جیاوازیمان.

**دوەم/ژینگەی خێزانی و کۆمەڵایەتی:** سەرجەم کارتێکەرە کۆمەڵایەتی و دەرونییەکان دەگرێتەوە لە لەدایك بونەوە تاکو مردن، کەکاریگەری گەورەیان هەیەلەسەر تایبەتمەندییەجیاوازەکانی، لەوانەش: تەندروستی گشتی، ژینگەی هەڵچونی باو لەخێزان و کۆمەڵگەدا، جۆری خۆراك، ئاستی ئابوری و خوێندن و فێربون کولتوری دایك و باوك و ئەو داب و نەریتانەی کەباون لە کۆمەڵگادا.

توێژینەوەکان دەریانخستوە ژمارەی ئەندامانی خێزان، باری ئابوری...تەمەنی دایك و باوك..... لەهەمانکاتدا پەیوەندی خۆشەویستی و هاوڕییانەی نێوان دایك و باوك کایگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر جیاوازییەکەسییەکان. ...: توێژینەوەی هەندێك لەزانایانی وەك:( کرونباخ Chonbach و هنت Hunt) ئاماژەیان بە کارلێکی نێوان تاك و ئەوەی کەدەیبینێت و دەیبیستێت لەژینگەکەیدا دەبێتەهۆی گۆڕانکاری لەپێکهاتەی عەقڵیدا. بۆنمونە (جنسن) باوەڕی وایە کە گواستنەوەی منداڵ لەژینگەیەکی هەژار نشین لەڕوی کولتوریەوە بۆ ژینگەیەکی دەوڵەمەند دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی زیرەکی منداڵەکە

**سێیەم:تەمەن**، گومانی تیانییە ئەزمونی مرۆڤ زیاد دەکات بەزیادبونی تەمەنی بەمەرجێك بەشێوەیەکی ئاسایی گەشەی کردبێت. ئەگەر بەراورد لەنێوان دوومنداڵی تازە لەدایکبودا بکەین ئەوا جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەستپێناکەین" بەڵام ئەگەر دوای(6) ساڵ بەراورد لەنێوان ئەو دومنداڵە بکەین، ئەوا جیاوازییەکی زۆر لەلایەنی(زمان و کەسایەتی و حەزو ئارەزو بەهاو..تاد.بکەین) لەنێوانیاندا هەستپێدەکەین" ئینجا ئەگەر لەگەڵیان بەردەوام بین تا تەمەنیان دەگاتە(20)ساڵ، ئەوا جیاوازی زیاتر دەردەکەوێت..کەواتە تامرۆڤ بچێتە تەمەنەوەو شارەزایی زیاتر بێت، ئەوەندە جیاوازی لەنێوانیاندا بەرەوزیادبون دەچێت.

**چوارەم/ ڕەگەز:** توێژینەوە دەرونزانییەکان ئەوەیان دەرخستووە کە جیاوازییەکەسییەکان زۆر ڕون و دیارن لەنێوان نێر و مێدا، لەهەندێ بواردا ڕەگەزی مێ لەپێشترن و لەهەندێ بواری تردا ڕەگەزی نێر لەپێشترن. بۆنمونە هەندێ لەتوێژینەوەکان ئاماژە بۆئەوەدەکەن کە ڕەگەزی مێ لەبوارەکانی زمانەوانی (خوێندنەوەو تێگەیشتن و دەربڕین) و بیرهاتنەوە و سکرتێری و ناسینەوەی ڕەنگ و هەست و هاوکاری و هاوڕێیەتیدا لەپێشترن و کەمترین ئارەزوی شەڕانگێزیان هەیە. بەڵام ڕەگەزی نێر لەبوارەکانی میکانیك فیزیاو وەرزش و بیرکاری و زانستە سروشتیەکان و چارەسەرکردنی کێشەکاندا لەپێشترن.

**جۆرەکانی جیاوازی کەسی:** جیاوازی نێوان تاکەکان...جیاوازی لەنێو خودی تاکەکەس...جیاوازی نێوان گروپەکان..جیاوازی لەنێو میللەتنا...

**1-جیاوازی نێوان تاکەکان:** لەژیانی ڕۆژانەماندا، زۆر بەئاسانی ئەتوانین تێبینی ئەو جیاوازیانە بکەین لەنێوان فێرخوازان و منداڵاندا.. لە توانا عەقڵی و هەڵچونیکان و توانای گفتوگۆ و زمانەوانییەکان و نوسین و بیرکاری و ئارەزو و شێوازی چالاکییە جیاوازەکاندا. بێگومان ناتوانین بڵێین، هەمو کەسێك بەهەمان ئەندازە تاقیکردنەوەکانی ئەنجام ئەدات و هەمان نمرە ئەهێنن...ناشتوانین بڵێن هەمو کەسێك لەکارەکانیان بەهەمان ئەندازەو بەشیوەیەکی ورد و سەرکەوتو ئەنجا ئەدەن...

**لێرەدا تێبینییەك گرنگە**، جیاوازییەکەسییەکان لەتوانا عەقڵی و میزاجی و جەستەییەکاندا مانای ئەوەنییە ئەم تایبەتمەندیانە لەکەسێك هەیە و لەیەکێکیتر نییە، نەخێر..هیچ کەسێك نییە زیرەکی نەبێت و یەکێکیتریش زیرەکییەکی تەواوی هەبێت، بەڵکو جیاوازییەکە لە نمرەی زیرەکییەکەدایە لەیەکێك بۆ یەکێکی تر.

**2-جیاوازی لە نێو خودی تاکە کەس:** لەئەنجامی گەشەی بەردەوامی مرۆڤ لەقۆناغە جیاوازەکاندا، زنجیرەیەك گۆڕانکاریش ڕو ئەدەن لە ئەرك و ڕۆڵی جەستەو دەرون لەقۆناغێك بۆقۆناغێکیتر. لەبەرئەوە تواناکانی مرۆڤ جیاوازن، وەك یەك نییە لای مرۆڤەکان، ڕەنگە تاکێك لە زمانەوانیدا زیرەك بێت، یەکێکیتر لەتوانا بیرکارییەکاندا بەتوانایە و لە تواناکۆمەڵایەتییەکاندا لاوازە....

خۆئەگەر تەنها تێرامانێك بەخودی خۆت بکەیت و توانا شاراوەکانی خۆت بەراورد بکەیت ئەو ڕاستییەت بەئاسانی بە دەر ئەکەوێت.

**چۆن ڕەچاوی جیاوازی کەسی لەفێرکردندا بکەین؟**

**لەگرنگترین شێوازەکانیش کەمامۆستا دەتوانێت بەکاری بهێنێت ئەمانەی خوارەوەیە:**

**1-جۆراوجۆری لەشێوازەکانی وانەوتنەوەدا** (وانەوتنەو بەشیوە تەقلیدییەکەی، گفتوگۆ ،ڕۆڵبینین، پێشهکەشکردنی پڕۆژەی زانستی و سیمنار.... چیرۆکی فێرکاری و پەروەردەیی، ئاراستەکردنی پرسیاری سوك و قورس..، شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکان، هونەری تێرامانی هزری..کاری پراکتیکی و

مەیدانی، گەشتی زانستی و چالاکی دەرەکی،) جۆراوجۆری لەهێنانەوەی نمونە و چەمك و پێدانی کاتی پێویست بۆ بەژداری دەربڕینی و بۆچونی فێرخوازان.

**2-جۆراوجۆری لەجوڵەو زمانی جەستە:** واتە مامۆستا هەمیشە لەحاڵەتی ئامادەباشی بێت و شوێنەکەی بگۆڕێت و بەردەوام لەیەك شوێن نەبێت یاخود هەمیشە دانەنیشێت، بەڵکو نزیك بێتەوە لەفێرخوازیەکانی و لەشوێنگۆڕکێدا بێت.

**3-کارلێککردن،** بەگرنگترین ئامرازەکانی چالاکی پۆل دادەنرێت لەپرۆسەی فێرکردندا. لەنێو پۆلدا ، **کارلێکی مامۆستا و فێرخواز، کارلێکی فێرخواز و فێرخواز** کاریگەرییەکی زۆری هەیە بۆتێگەیشتن لەبابەتەکە.

**4-بێدەنگی بۆماوەیەکی کەم،** هەروەك چۆن نوسین خاڵبەندی هەیە بەهەمان شێوە ئاخاوتنیش پێویستە خاڵبەندی هەبێت..ئەمەش وادەکات مامۆستا ماوەیەکی زۆر کەم بەبێ دەنگی بمێنێتەوە و ئاگایی فێرخوازەکانی بۆلای خۆی ڕابکێشێت.

**5-جۆراوجۆری لەبەکارهێنانی هەستەکاندا، بێگومان لای ئێوەی بەڕێز ڕون و ئاشکرایە** درککردنمان بۆڕوداوەکانی دەوروبەرمان لەڕێگەی هەستەکانمانەوەیە،(بیستن و بینین تامکردن و بۆنکردن و لەمسکردن) توێژینەوە نوێیەکان لەبواری ئامرازەکانی فێرکردندا دەریانخستووە توانای فێرخواز بۆ وەرگرتنی بابەتەکان زیاددەکات بەشێوەیەکی سەرەکی، ئەگەر پشتبەستن بە بەکارهێنانی هەستەوەری بینین و بیستن بەشێویەکی هاوتەریب. واتە: بەکارهێنانی سەبورە و سەبورەی زیرەك ..داتا شۆ.. فیدیۆی پەروەردەیی و فێرکاری، وێنەی جێگیر و جوڵاو..دەنگی تۆمارکراو و سیستەمی دەنگی...ئەنجامدانی چلاکی جۆراوجۆری فێرکاری و پەروەردەیی و کێبەرکێ زانستی بەگروپ...

**6-پاداشت و سزا، واتە پاڵپشتیکردن و هاندان..** ئەمەش دەبێتە هۆی دوبارەبونەوەی ڕەفتارە ئەرێنییەکان...ئەگەرچی کەسانێك پێیان وایە پاداشت و هاندان کاریگەری ئەوتۆی نییە لەسەر فێربون، بەڵام بەپێچەوانەوە زۆرێك لە زانایان بە کاریگەرییەکی کارای دەبینن بۆ فێربون.. مامۆستا بەهۆی پێگە و کەسایەتییەوە دەتوانێت کاربکاتە سەرفێرخوازیەکانی لەڕێگەی پاداشت و دروستکردنی دۆخێکی کۆمەڵایەتی بۆ فێرخوازەکانی بەجۆرێك پەیوەندی کۆمەڵایەتی و مرۆیی و دەرونی ڕێزگرتن و یەکتر قەبوڵکردن تێدا ڕەنگباتەوە

**لەکۆتاییدا** ....مامۆستا کەسی یەکەمە کە دەتوانێت ڕەچاوی جیاوازی کەسی بکات، پێویستیشە ئەوە بزانێت کەبونی جیاوازی کەسی لەنێوان فێرخوازەکانیدا شتێکی سروشتییە... تەنها ئەوەندەش بەس نییە شارەزایی لەجیاوازی کەسیدا هەبێت، بەڵکو لەوەشگرنگتر ئەوەیە لەکاتی وانەوتنەوەو کاروچالاکییەکاندا ئەوجیاوازییە کەسییە ڕەچاو بکات و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و کەرەستەو ئامرازەکانی ڕونکردنەوە، بەوشێوەیە بەکاربهێنێت کەڕەچاوی جیاوازی کەسی نێوان فێرخوازان بکات.

**فێرخوازی خۆشەویست!**

**سەردانی نزیکترین قوتابخانە بکە لە ماڵەکەتانەوە، بەپێی تێبینی وتێڕامانی خۆت لە تیانوسی تێبینییەکانت، ئەوجیاوازیانە بنوسە کە تێبینیی دەکەیت لەنێوان فێرخوازان لەیەکێك لەپۆلەکاندا، دواتر مامۆستا چۆن ڕەچاوی جیاوازی تاکیکرد؟ دواتر خۆت ئامادە بکە بۆ گفتوگۆیەکی گشتی لەپۆلدا.**

## کەسایەتی و هەندێك لەجۆرەکانی کەسایەتی لای فێرخوازان

**فێرخوازی خۆشە ویست!** بیر لە کەسایەتی خۆت بکەرەوە...حەوت لەنزیکترین تایبەتمەندییەکانی خۆت بنوسە. ئایا خەڵکی بەوە وەصفت ئەکەن کە کەسێکی کاریگەری، یان شەرمنی، باوەڕت بەخۆت هەیە، دوڵیت، لێبوردەی، ئینکاری، زیرەکی؟ ئایا هەمو مرۆڤەکان لەهەندێ تایبەتمەندیدا لەیەك دەچن؟ یان گروپێك لەمرۆڤ لەیەك دەچن لە تایبەتمەندیتردا؟ ئایا شێوازێکی تایبەتیت هەیە لە بیرکردنەوەو ڕەفتار و دەربڕین و هەڵچونەکانت؟ ئایا ئەم شێوازانە لەڕۆژێك بۆڕۆژێکی تر دەگۆڕێت؟ یان بەشێوەیەکی ڕێژەیی جێگیرن؟

### کەسایەتیPersonality :

توێژینەوە لەسەر کەسایەتی یەکێکە لەبابەتە گرنگەکانی دەرونزانی و زۆربەی لقەکانی تری دەرونزانی گرنگییەکی زۆر پێدەدەن:.. وەك دەرونزانی پەروەردەیی، دەرونزانی کۆمەڵایەتی، دەرونزانی کلینیکی، دەرونزانی منداڵ و هەرزەکار و تاد.

مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی جیاوازن لەیەکتری لەتایبەتمەندی و سیفاتەکانیاندا" هەرتاکێك سیفاتی تایبەت بەخۆی هەیەو لەوانی تر جیای ئەکاتەوە بەجۆرێك ڕەنگە دوکەس نەبینیتەوە لەیەك بچن....

کاتێك کەسێکی ئاسایی بیرلەکەسایەتی دەکاتەوە، ڕاستەوخۆ بیری بۆدروستکردنی کاریگەری دەچێت لەسەر ئەوانیتر، لەبەرئەوە هەمیشە بەدوای ئەوشتانەدا ئەگەڕێت کە وای لێدەکات کەسایەتییەکی کاریگەری هەبێت لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە.

پرۆسەی گەڕان بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارە ئەمانگەڕێنیتەوە بۆ مێژویی سەرەتاکانی مرۆڤ، کاتێك کەمرۆڤ لە ناسنامەو خودی خۆی دەپرسی( من کێم؟). (سوکرات) وەڵامی ئەم پرسیارەش پەیوەست بو بە تایبەتمەندی کولتوری وەك فەلسەفە و ئایین و ئەدەب و ڕامیاری و زانستی گەلان.

**پێناسەی کەسایەتی**...توێژینەوەی زۆرو جۆراوجۆرکراون لەسەر کەسایەتی، بەڵام نەگەیشتونەتە ئەنجامی هاوبەش و کۆتایی لەسەر سروشت و پێناسەی کەسایەتی... لەبەرئەوە زۆر سەختە بتوانین پێناسەیەکی هاوبەشی کەسایەتی بکەین هەموان هاوڕابن لەسەری.

**ئالپۆرت:** یەکێکە لەگرنگترین زانایانی دەرونزانی ئەمریکی" یەکێکە لەپێشەنگەکانی دەرونزانی کە گرنگی بەکەسایەتی داوە،

- پێناسەکەی: کەسایەتی لای ئەلپۆرت Allport حەقیقەتی ناوخۆیی تاکە، کە ڕێگای سود وەرگرتن لە ئەزمونی ژیان دیاری دەکات

بەم مانایەش بێت کەسایەتی سیستمێکی دینامیکی نادیاریکراوە، لەنێو پێکهاتەی جەستەیی و دەرونی خودی تاك گەشە دەکات، کەخۆی لە تایبەتمەندییە کەسییەکان و ڕەفتار و هەڵچون و هزرەکانی خۆی دەبینێتەوە. ئالپۆرت باوەڕیشی وابو لەسەر سروشتی کەسایەتی مرۆیی، هەریەك لە تاکەکان کەسایەتی تایبەت بەخۆیان هەیەو جیایان ئەکاتەوە لەوانیتر، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆجیاوازییە بۆماوەییەکان و پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی.

**کارڵ ڕۆجەرز**، یەکێك لەزانا ناودارەکانی دەرونزانی لەئەمریکا کەلەتەك ئەبراهام ماسلۆ قوتابخانەی مرۆییان دامەزراند.

کەسایەتی لای ڕۆجەرزRogers واتە **خود**، قەوارەی بابەتی ڕێکخراوە، بەشێوەیەکی ڕێژەیی جێگیرە، دەکرێ دەرکی پێ بکەین، بە دڵی ئەزمونەکانیش دادەنرێت.

**خود واتە(دەرون)** گرنگترین بەشی کەسایەتی تاکە، لە زنجیرەیەك تێرامان و بەها پێکدێت کەتاك بۆخودی خۆی پێکی دێنێت لەکاتی کارلێککردنی لەتەك دەوروبەرەکەی. بەڵام ئەم زانایە ئەزمونی کەسی بە بنەمای دروستبونی کەسایەتی دادەنێت.

**پێی وایە مرۆڤ چاکەکارە بەسروشتی خۆی هەمیشە ئاراستەکراوە بەرەو باشتر**، مرۆڤی تەندروست لەڕوی دەرونی و کۆمەڵایەتییەوە هوشیارن بە ڕەفتار و پاڵنەرەکانیان.

ئاسایشی دەرونی وادەکات لەمرۆڤ هوشیاربێت بە پاڵنەر و ئارەزووەکانی،

دەکرێ لەتاك تێبگەین ئەوکاتەی کە لەوە تێگەیشتنی کە چۆن درك بەجیهانی دەرەوەی خۆی دەکات و هەست و شعوری چۆنە بەرامبەر ئەو جیهانە؛ پێی وایە تاك لەناوخۆیدا تواناو بەرپرسیاریەتی تێدایە بۆئەوەی بگۆڕێت و کەسایەتی خۆی چاکبکاتەوە

**بەڵام سەبارە بەفرۆید...** ئەوە کەسایەتی زۆربەی زۆری شاراوەیە و نادیارە لەقوڵاییەکانی نەستی مرۆڤدایە. ئەم کابرایە یەکێکە لە زاناکانی سەدەی بیستەم" گەشەیی بەتیۆرە سەرنجراکێشەکەیدا لەکەسایەتی و تەندروستی دەرونی. لەنەمسا پزیشکی خوێند، لەکاتی خۆشیدا بەناوبانگترین پزیشکی دەرونی بو دامەزرێنەری قوتابخانەی شیکاری دەرونییە.

فرۆید بیروبۆچونەکانی لەبارەی تیۆری شیکاری دەرونی لەچوارچێوەی کارەکانی لەگەڵ نەخۆشەکانی پەرەپێدا. ئەم زانایە کەسایەتی مرۆڤی بە چیایەکی بەفرین لەنێو دەریایەکدا کەزۆرینەی کەوتۆتە ژێردەریاکەوە و کەمێکی بەدەرەوەیە، وەك لەم وێنەیەدا دەردەکەوێت:




ئەو پێی وایە کەسایەتی پێکهاتەیەکی تایبەتی هەیە، کە سێ هۆکار بەشداری لەبنیادنانیدا دەکەن(**هەست و نەست و پێش هەستە**)

**هەست** (ئەوبەشەیە کەئێمە بەئاگاین لێی) وەك ئەوەی کەئێستا من بەئاگام لەوەی کەئێستا باسی تیۆرەکەی فرۆید تان بۆئەکەم، یان ئێوە ئێستا بەئاگان لەوەی لەدەوروبەرتان ئەگوزەرێت**...**(ئەمەش لەساڵەکانی یەکەمی تەمەنی منداڵدا دروست دەبێت) بنەمای دەرونی کەسایەتی پێکدێنێت.

**پێش هەست:** پێویستی بە هەوڵ و ماندوبون هەیە بۆ وەبیر هێنانەوەی لە یادگەدا،، بۆنمونە ئەگەر ئێستا داواتان لێبکەم ناوی چەند مامۆستایەکی پۆلی یەکی سەرەتاییم بۆ باس بکەن ڕەنگە ناوی هەندێکیان بڵێن بەڵام بۆبەشەکەی تری پێویستت بە کات و بیرکردنەوەی زیاترە.

**نەست:** ناتوانین وەبیر خۆمانی بهێنینەوە تەنها لە بارودۆخی دیاریکراودا**...وەك:** لەکاتی چارەسەری دەرونی و خەواندنی موگناتیسیدا...کەمەبەست لێی چونە نێو جیهانی فراوانی نەستی مرۆڤەکانە.....نەستیش ناسنامەو بنەمای بایۆلۆژی کەسایەتی پێکدێنێت.

بەڵام دواتر سێ پێکهاتەی تری بۆ تیۆرەکەی زیاد کرد:

(ئەوID) من(Ego) منی باڵا(Super Ego).:

(ئەوID) لە غەریزە پێکدێت(جنس و شەڕانگێزی) سەرچاوەی وزەی دەرونە، بەتەواوی نەستییە، هیچ پەیوەندی بە واقیعەوە نییە، یەکەم پێکهاتەیە کە لەگەڵ کەسایەتیدا گەشە دەکات، **بەپێی بنەمای چێژوەرگرتن و دورکەوتنەوە لەئازار کاردەکات**. هیچ ڕەچاوی پێوەرەکان... و بەهاکان...و لۆژیك ناکات، و هەیچ حسابێك بۆ کات و سات ناکات. کاتێك مرۆڤ ڕووبەڕوی کۆسپەکان دەبێتەوەو بەهۆی واقیعەوە پێویستییەکانی تێرنابن، لەنەستی مرۆڤدا خۆی مەڵاس ئەدات.

**من(Ego)** ئەمەش بەپێی بنەماو داخوازییەکانی واقع کارئەکات، ئەیەوێت بەپێی بنەمای واقع چێژ لەشتەکان وەربگیرێت، ئەم بەشە بەپێچەوانەی(ئەو) کەبەتەواوی لە نەستدایە، بەڵام ئێگۆ

بەشێوەیەکی نیمچەیی لە نەستدایە، ئەمە پێکهاتەی دەرونی کەسایەتی مرۆڤە و دەزگای جێبەجێکردن و بڕیاری ژیرانە دەدات.

**منی باڵا.(Super Ego)** کەلەساڵەکانی سێیەم تا پێنجەمی تەمەنی منداڵدا دروست دەبێت" پێکهاتەی ئەخلاقی و منی نمونەیی و **ویژدانە**، کاردەکات لەسەر دامراکانەوەی پاڵنەرەکانی (ئەو) بەڵام ئەم بەشەش واقعی نییەو هەوڵی **کامڵبون و نمونەیی بون ئەدات نەك چێژ**، هەمیشە بەرهەڵستی هەردو پێکهاتەکەی تردەدات، کاتێکیش هاوسەنگی دروست نابێت لەنێوان پێکهاتەکان مرۆڤ ڕوبەڕوی تێکچونی کەسایەتی دەبێتەوە. ئەمەش دەبێتەهۆی دەرکردنی چەند ستراتیژێك کە بەمیکانیزمەکانی بەرگری(Defense Mechanism) ناودەبرێت...بۆچارەسەرکردنی ململانێ و دانانی سنورێك بۆ دڵە ڕاوکێ لەڕێگەی گۆڕینی ماناکان بەشێویەکی ناهەستی بۆ واقیع.

**فرۆید..** وای دەبینێت ژیانمان پڕیەتی لە فشار و ململانێ، بۆڕێگرتن لەمەش ناچار ئەبین ئەو ڕوداوە تاڵ و ناخۆشانە لەنەستماندا کۆبکەینەوە، لەڕێگەی تەتەڵە کردنی زمان یاخود لەکاتی خەوبینین دەردەکەوێت و ئاشکرادەبێت.

خەوبینینیش لای فرۆید بریتییەلە دەربڕینی نەست بۆ ئەو ململانێ و فشارو ڕوداوە ئازاربەخشانەی کە ئەستەمە بتوانیت بەشێوەیەکی هەستی مامەڵەی لەگەڵ بکەیت، ئەم سێ سیستمەش بەشێوەیەکی کامڵ بەیەکەوە کاردەکەن لەکەسایەتی هەرتاکێکدا، بەرهەمی ئەم کامڵ بوونەش ئەو هەڵس و کەوتەیە کەبەهۆیەوە گوزارشت لەکەسایەتی تاك دەکات. کەسایەتی تەندروست ئەوکەسەیە هاوسەنگی ئەم سێ پێکهاتەیە دەپارێزێت. واتە ئەگەر مرۆڤ جڵەوی غەریزەو ڕەمەکەکانی نەگرێت و بەشێوەیەکی هاوسەنگ مامەڵە نەکات ئەبێتە دیلی غەریزەکانی و بەپێی داخوازییەکانی ئەو ڕەفتار ئەکات.

پێشی وایە ئاسودەیی بەهۆی پەیوەندییە مرۆییە کان و سەرکەوتن لەکار دەبێت

**کەسایەتی فێرخواز:**

زۆرجار مامۆستایان نیگەرانی خۆیان لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی هەندێ لەفێرخوازان دەرئەبڕن، پێیان وایە هەندێکیان ئاژاوە گێڕن! یان بێ ئاگاو فرە جوڵەن! یاخود گفتوگۆو قسە ئەکەن پێکەوە! نەهاتن بۆقوتابخانەو گرنگی نەدان بەوانەکان! **یاخود هەندێ کێشەی گەورەتری وەك**: شەڕانگێزی و ئەنجام نەدانی ئەرك و واجباتەکان، وازهێنان لەخوێندن، بەپێچەوانەشەوە هەندێکیتر زۆر شێلگیرانە ئەخوێنن و خۆیان ماندو ئەکەن..

لەڕاستیدا هۆکاری ئەم جیاوازی و ناچونیەکییەی فێرخوازن دەگەڕێتەوە بۆجیاوازیان لە کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانیاندا...یان ڕەنگە هۆکارە ژینگەییەکانی قوتابخانە وای لێبکات، یان هۆکارە خودییەکانی تایبەت بە قوتابیەکە. لەبەر ئەوە زۆر گرنگە مامۆستا پەلەنەکات لە بڕیاردان، چونکە زۆر ئاسایی قوتابی جدی و ئاژاوە گێر، شەرمن..تاد. لەپۆلدا هەبێت...

ڕەنگە پاڵنەرەکانی ئاژاوەگێری، بەهۆی گۆڕانە فسیۆلۆجییەکان و قۆناغی هەرزەکارییەوەبێت، یان ئەو فشارە کۆمەڵایەتی و ئابوری و خێزانیانەی لەدۆخی کۆمەڵگەدا ڕووبەڕوی فێرخوازەکە ئەبێتەوە، یان ڕەنگە پاڵنەری خۆدەرخستن بێت. کاتێك قوتابییەك ناتوانێت لەڕیگەی خوێندنەوە خۆی دەربخات و نمرەی بەرز بەدەستبهێنێت،، ئەوە هەوڵ ئەدات لەریگەی ئەنجامدانی چەندین ڕەفتاری ترەوە خۆی دەربخات.

بەکورتی و کرمانجی پێویستە بەوردی لەو ژینگەیە بەباشی تێبگەین کە تاکەکە تێیدا ژیاوەو پەروەردە بووە، لەخێزان و دەروبەرەکەی تێبگەین تاکو بتوانین لەڕەفتاری تێبگەین، هەروەك کورت لیوین لەتیۆرەکەیدا(تیۆری بوار) ئاماژەی پێ ئەکات.

**یەکەم/ کەسایەتی ئاژاوە گێر...**

هەردەم هەوڵی ڕاکێشانی سەرنجی ئەوانیترە بۆخۆی ئەدات....پاڵنەرایەتی بۆخوێندن کەمە ... تەحەدای مامۆستا و ئیدارەی قوتابخانە ئەکات..ئەبێتەهۆی ڕیگرلەبەردەم خوێندن و تێگەیشتن..زۆرێك لەم جۆرەی قوتابی..لەخێزانە هەڵوەشاوەکانن...یان ڕووبەڕوی کێشەی توندوتیژی جەستەیی و سۆزی بونەتەوە....یان لەو خێزانانەن کە کەمترین بەرپرسیارێتی پەروەردەییان تێدا نییە...یان ڕەنگە نەخۆشی دەرونی هەبێت وەك ADHD یان تێکچونی ڕەفتار..Conduct Disorder

**چۆن مامەڵەیان لەتەکا بکەین؟**

هەرجۆرە مامەڵەکردنێك لەتەك قوتابی شەڕانگێز پێویستە بەجیامامەڵەی لەتەکا بکرێت...سەرکەوتنی مامۆستا ئەوەیە کەبەشێوەیەکی ئیجابی مامەڵەیان لەتەکا بکات..

**1-وەڵامدانەوەی سەرجەم نارەزایەتییەکانی بەئارامی....**زۆر گرنگە مامۆستا دیارسەی تەواوی حاڵەتی قوتابی بکات..لەڕوی خێزانی و کێشەی کۆمەڵایەتی و هیوایەتەکانی ...بۆزانینی پاڵنەرەکانی شەڕانگێزی..خۆئەگەر پاڵنەرەکانی قوتابی بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە ڕەفتارە پێویستیە عاتیفییەکان..یان هەر پێویستییەکی تری مرۆیی بو ئەوە پێویستە مامۆستا ئەوبۆشاییانەی بۆپربکاتەوە..

2-مەچۆرە شەڕە قسەوە لەگەڵی. ... 3- لەجیاتی ئەوە بەتەنیا قسەی لەتەکا بکە...بۆئەوەی مامۆستا بتوانێت داوای لێبکات ڕەفتارە نادروستەکانی خۆی بگۆڕێت...یارمەتیشی بدات بۆئەو مەبەستە.

4-پێویستە مامۆستا ئەرکی پێبسپێرێت...جا لەدەرەوەی پۆلبێت یان لەناوەوە...ڕێکخستنی هۆڵ و چالاکییەکان...تاکو هەست بەبەرپرسیارێتی بکات و لە شەڕانگێزییەکانی کەمبکاتەوە.

خۆ هەندێ کاتیش ئەگاتە بانگکردنی باوانی منداڵەکە بۆئەوەی کێشەکەی بۆچارەسەر بکرێت.

**2-شەرمن:** کێشەی شەرمنی لەهەمو قوتابخانە و زانکۆیەکدا بونی هەیە..ئەو کەسانە زۆر جار وارێك ئەکەوێت توانایەکی باشیان هەیە و زانیارییەکی زۆریشیان پێیە. کەچی کێشەگەورەکەی ئەوەیە کە شەرمنە.

بەشداری نەکردن لە چالاکییەکانی پۆلدا یەکێکە لە سیفاتی هاوبەشی هەمویان.

**چۆن مامەڵەی لەتەکا بکەین؟** مامەڵەکردن لەتەك ئەم جۆرە لەکەسایەتی قوتابی پێویستی بە کارامەییەکی باش هەیە بۆ تێگەیشتن و مامەڵەکردن و یارمەتیدانی...

1-ڕۆحی متمانە بەخۆبونی تیابچێنە لەڕێگەی هاندان و پیاهەڵدانەوە بەبێ زیادەڕەوی.

2-ڕێگایەکی ئاسان هەیە کە ئەکرێ مامۆستا بەکاری بهێنێت...ئەویش...هەندێ پرسیاری ئاسان بکە تاکو بتوانێت وەڵامی بداتەوە. ...لەسەر بنەمای زانیارییەکانی پێشوی مامۆستا یان تاقیکردنەوەیەك پێشتر کردویەتی....خۆئەگەر وەڵامی دایەوە هانیبدرێت و دەستخۆشی لێبکرێت....ئەمەش وای لێ ئەکات زیاتر متمانە بەخۆبونی لادروست بێت.

**3-**دڵنیایی پێبدە لەکاتی قسەکردنیدا گاڵتەی پێناکرێت. ..لەبەر ئەوەی هەردەم لەوەنیگەرانە لەکاتی قسەکردن هەڵەیەك بکات...لەبەر ئەوە دەرفەتی بۆ برەخسێنە بۆ ئاخاوتن لەبەرامبەر هاوڕێکانی.

4-هەرگیز زۆری لێمەکە بۆتێکەڵبون، تەنها لەڕێگەی قەناعەت پێهێنانەوەنەبێ، چونکە ئەوە دەبێتەهۆی گرێی دەرونی. ...لەجیاتی ئەوە ڕۆڵی پێبدرێت لەهەندێ لەچالاکییەکانی قوتابخانەدا بەشداربێت..

**سێیەم-کەسایەتی ڕاڕا:** هەمیشە ڕاڕایە لە هەڵوێستەکانیا...زۆر بەڵێن ئەدا و نایباتەسەر... هەردەم ئەوانیتر بەباشتر ئەزانێ و پێی وایە خۆی باش نییە...

چۆنیەتی مامەڵەکردن لەتەکیدا:

1- هەوڵدان بۆ چاندنی متمانە بەخۆبون..لەبەر ئەوە ئەم جۆرە کەسانە کێشەی متمانەبونیان هەیە.

2-کەمکردنەوەی هەستی دڵەڕاوکێ و و شەرمکردن......باشترین ڕێگاش هاندان و پاڵپشتیکردنە بەشێوازێکی پەروەرشیارانە و دڵسۆزانە.

3-سەرکۆنە و سەرزەنشتی مەکە.....لەجیاتی ئەوە بۆی ڕونبکەرەوە کە دڵە ڕاوکێ زیان بەپەیوەندییەکانی ئەگەیەنێ لەتەك هاوڕێکانی و دەرووبەری..

4- زۆر گرنگە یارمەتی بدرێت بۆ دانانی ئامانجی دیاریکراو و کارامەیی بڕیاردان. لەبەر ئەوەی توانای بڕیاردانی نییە.

## چوارەم/خۆبەفەیلەسوف زان:

ئەم جۆرە لەکەسایەتی خۆی پێ گەورە یە لەوانیتر خۆی بەباشتر ئەزانێت، لەهەموڕوەکانەوە.. هەمیشە بە من دەسپێئەکات و خۆی دەرئەخات....هەمیشە قسە لەسەر خۆی ئەکات لەسەر زیرەکییەکانی و توانا و کارەکانی... بەراوردی خۆی ئەکات بەقوتابییەکانیتر..تاکو بیسەلمێنێت کە ئەو لەوانیتر باشترە..

کێشەی ئەم جۆرە کەسایەتیانە ئەوەیە کاتێك کە بانگەشەی زانین ئەکات و پێی وایە هەمو وەڵامەکانی لایە، ئەمە ئەبێتەهۆی ئەوەی دەرفەتی فێربون و کارامەیی و گەشەپێدانی کەسایەتی لەدەستبدات، ئەمە جۆرێکە لەوەهم لای ئەو کەسانە دروست دەبێت.

بەپێی بۆچونی هەندێ لەدەرونزانەکان، ئەوانەی خۆیان پێ گەورەیەو(متکبر) لەناخیاندا هەست بەکەمی ئەکەن و کەمو کورتییەکیان هەیە، بۆ شاردنەوەی کەموکورتییەکانیان، بەوجۆرە مامەڵە ئەکەن!

**لەکۆتایشدا...**فێرخوازی خۆشەویست...مامۆستای ئایندەی بەڕێز، تۆ سەرکۆماری پۆلەکەتی...لەڕێگەی کۆکردنەوەی ئەزمونەکانتەوە.. پەرەبدەیت بەڕیگاو شێوازی نوێ..ئەتوانی دۆخێکی ئارام بۆ فێرخوازەکانت بڕەخسێنیت، پڕبێت لەڕێزگرتن...

زۆرێك لەپەیوەندییەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت لەڕێگەی مامەڵەکردنی دروستی خۆتەوە، بەڵام پێویستە ئەوە لەبیر نەکەیت پێویستت بەوە هەیە ڕێگای پەیوەندی گونجاو بۆهەر کەسایەتییەك بدۆزیتەوە و هەرکەسایەتییەك ڕەنگە پێویستی بەجۆرێك کۆدی تایبەت بەخۆی هەبێت. ئەوەش بزانە ئەمانەش پێویستیان بەهاوکاری و یارمەتیدانی هاوپیشەکانتە .......

### پرۆسە عەقڵییەکان کەپەیوەندیدارن بە فێربونەوە

**یەکەم/زیرەکی:**

لەگەڵ ئەوەی بونەوەری مرۆیی لێکچونێکی زۆر لەنێوانیان هەیە لە ڕواڵەتە جیاوازەکانی گەشەکردندا، بەڵام جیاوازییەکی زۆریش بەدی دەکرێت لە تایبەتمەندییە دەرونی و عەقڵی و کۆمەڵایەتی و هەڵچونی و جوڵەیی و زمانەوانییەکاندا. گرنگیدان بەزیرەکی شتێکی نوێ نییە؛ بەڵکولەمێژە فەیلەسوفەکان گرنگیان داوە بە سروشتی زانین و فێربون لای بونەوەری مرۆیی، **ئەرستۆ وای دەبینێت کە تاکەکان جیاوازن لە تایبەتمەندییەکانیان لەنێویشیاندا زیرەکی بەپێی ئەوژینگەیەی تیایدا دەژین و گەشە و کارلێك دەکەن. لەهەمانکاتدا ئەفلاتون پێی وایە زیرەکی توانایەکی زگماکییە و کاردەکاتەسەر توانای تاك بۆفێربون و بەدەستهێنانی ئەزمون و گونجان لە بارودۆخەجیاوازەکاندا.**

**چەمکی زیرەکی،**

ڕەنگە چەمکی زیرەکی لە چەمکە بڵاوەکانی دەرونزانی بێت، زۆر پەیوەست بێت بە سەرکەوتن و بەدەستهێنان و ئەرکە گرنگەکانی خوێندن. هاوڕابون و ڕێکەوتن لەسەر پێناسەیەك بۆ زیرەکی ڕەنگە بابەتێکی قورس بێت، بەڵام لێرەدا ئاماژە بەدو **لەو پێناسانە دەکەین بۆ زیرەکی کراوە:**

**بینیە(Binet) بەم جۆرە پێناسەی کردوە: توانای داهێنان و تێگەیشتن و بڕیاری دروست و ڕەفتاری ئامانج دار.**

**کاریگەری بۆماوەو ژینگە لەسەر زیرەکی:**

گرنگترین زانایانی هاوچەرخ کە جەخت لەسەر کاریگەری بۆماوەلەسەر زیرەکی دەکەنەوە زانای ئەمریکی(جنسن-Jensen)ە باوەڕی وایە نزیکەی 80% جیاوازی نێوان کەسەکان لەزیرەکیدا دەگەڕێتەوە بۆ بۆماوە. لەلایەکیترەوە زانایەکیتر کەزۆر جەخت لەسەر کاریگەری بۆماوە دەکات لەسەر زیرەکی زانا (لیون کانKamin) باوەڕی وایە بەشێکی کەمی زیرەکی دەگەڕێتەوە بۆبۆماوە، پێی وایە هۆکاری ژینگەیی زۆرترین کاریگەری هەیە لەسەر ئاست و ڕێژەی زیرەکی نێوان کەسەکان.

ڕەنگە باشترینیان ناوەند بێت، هۆکارەکانی بۆماوەو ژینگە هاوتەریب کاریگەریان لەسەر زیرەکی و جیاوازیی نێوان تاکەکان هەبێت. ئەوەی کەزۆر قەبوڵکراوە لەوبارەیەوە، کاریگەری بۆماوەلەسەر زیرەکی ناگاتە 80% هەروەك جنسن ئاماژەی بۆ ئەکات بەڵکو ناگاتە 50% یش لەهەندێ هەڵوێست و کاردا، ئەوە ڕاستە هۆکارەکانی بۆماوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە کەکاریگەری لەسەر خێرایی مامەڵەکردنمان لەگەڵ کۆمەڵێك لەپرۆسەعەقڵییەکان هەیە، بەڵام ژینگە وەك: چینی کۆمەڵایەتی، خێزان، قەبارەی خێزان و ڕیزبەندی منداڵ تیایدا، ئەزمونە پێشینەییەکانی خوێندن، بارودۆخ و ژینگەی دەوروبەر...کەتیایدا دەژین کاریگەری جەوهەریان هەیە لە توانا و تایبەتمەندییەکان و شارەزایی و بەرەوپێشەوەچون.

لەکۆتاییداپشتب ەستن بەو گوتەیەی کەدەڵێ : "ژینگە کاریگەری لەسەر زیرەکی هەییە" توێژینەوەی زۆر لەوبارەیەوە کراوە کاریگەری ژینگە لەسەر بەرزکردنەوەی ڕێژەی زیرەکی ئەو توێژینەوانە گەیشتون بە ئەنجامێك کە: دابینکردنی ژینگەی جۆراوجۆر ڕێژەی زیرەکی زیاد دەکات لای تاك. بۆنمونە توێژینەوەی(کیمی و هاسکنز) پێدانی خۆراکی باش و چاودێری پزیشکی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بۆ تاك دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ڕێژەی زیرەکی بەڕێژەیەکی زۆر لای منداڵ لە پێنج ساڵی سەرەتای ژیانی، هەروەك چۆن توێژینەوەکانی(ماك کول) و (هنت) ڕونیانکردۆتەوە گواستنەوەی ئەومنداڵانەی کەبێبەش و هەژارن بۆئەو شوێنانەی کە دەوڵەمەندن بەنزیکەی 30 بۆ 40 نمرە زیرەکیان زیاد دەکات.

**ژینگەی خێزانی و سۆزو خۆشەویستی و کاریگەری لەسەر گەشەی عەقڵی منداڵ**

زانای سەردەم، پرۆفیسۆر بروس پێری(Bruce D Perry)(*) لە وتارەکەیدا بەناوی: چۆن فەرامۆشکردنی منداڵ لەکاتی منداڵیدا کاریگەری دەبێت لەسەر گەشەکردنی لایەنی مەعریفی لە کاتەکانی دواتری ژیانیدا-(How childhood neglect affects cognitive development later in life) وێنەکان بەسیتی سکان گیراوەو بەراوردیکردوە لەنێوان مێشکی دومنداڵ لەیەك تەمەندا(3 ساڵ)، یەکەمیان مێشکی منداڵێکی بێبەشە لە سۆز و خۆشەویستی و ڕوبەڕوبەنەوەی سزای سۆزی، دووەمیان وێنەگەورەکە مێشکی منداڵێکی ئاساییە لەژینگەیەکی پڕ لەسۆز و خۆشەویستی گەورە بووە بەشێوەیەکی ئاسایی، زۆر بە ڕونی جیاوازییەکی زۆر دەبینرێت لەنێوانیاندا. یەکەمیان مێشکی بچوکترە و شێوەیەکی شێواوی هەیە,

(*)

لەگەشەکردن دواکەوتووەو کێشەی لەیادگەدا هەیە. ناڵاندویەتی بەدەست زەبرێکی زۆرو فەرامۆشکردنی سۆزدارییەوە، بەراورد بە دووەمیان کە قەبارەی مێشکی گەورەترە و شێوەیەکی ئاسایی وەرگرتووە.

هەروەك زانراوە كە سزایی جەستەیی، دەبێتەهۆی زیانگەیاندن بە مێشکی منداڵ و بەدرێژایی ژیان، کاریگەری نەرێنی لەسەر مێشك و هەندێ جاریش دەبێتە هۆی مردن، بەڵام سزاسۆزدارییەکانیش کەمتر نین لەسزا جەستەییەکان.

**پێری**، ئەوەش ڕون دەکاتەوە کە منداڵ و گەورەکانیش، ئەوانەی بەدەست بێبەشبونی سۆزدارییەوە ناڵاندویانە زۆربەزەحمەت دەتوانن پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دروست بکەن بەشێوەیەکی دروست. یان پشت بەکەسانی تر دەبەست یاخود هەربەکەنارگیری دەمێننەوە.

تەنانەت ژمارەیەکی ترلە توێژینەوەکان ئەویان دەرخستووە ئەومنداڵانەی بێبەش بون لەسۆز و خۆشەویستی لەمنداڵیدا، لەکاتی گەنجیدا بەدەست لەبیرچونەوە و هەڵچونیەوە دەناڵێنن.

لەکۆتاییدا **پێری** دەڵێ: گەشەسەندی تەندروستی سیستمەکانی دەمار کە یارمەتی چالاکی کۆمەڵایەتی و هەڵچونی دەدات، پشت بەگرنگیپێدان و چاودێرییەکی وردی منداڵ دەبەستێت لە تەمەنی منداڵیدا و دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست لەگەڵ منداڵان و پێگەیشتونادا بەدرێژایی تەمەنی منداڵی.

بەوردی لەو دو وێنەی خوارەوە تێڕامێنەو بەراوردیان بکە و جیاوازیی و لێکچونەکانیان دەربخە




فێرخوازی خۆشەویست بەراوردی نێوان ئەم دو وێنەیەی سەروەر بکە و جیاوازی و لێکچونەکانیان دەربخە

**زیرەکی لەڕوانگەی گاردنەرەوە:**

زانایەکی وەك هوارد گاردنەر(Howard Gardner) تیۆرێکی لەژێر ناونیشانی(تیۆری زیرەکییە جۆراوجۆرەکان-Multiple Intelligence Theory) داناو لەنێو کتێبەبەناوبانگەکەی( Frames of Mind) لەساڵی 1983 بڵاوی کردەوە.

ئەم تیۆرەی گاردنەر لەئەنجامی ئەو تێبینانەی هات لەسەر کۆمەڵێك کەس کە توانایەکی بەرزی زیرەکیان هەبو لەهەندێ لایەنی ژیانەوە بەڵام نمرەی بەرزیان بەدەست نەدەهێنا لە تاقیکردنەوەکانی زیرەکیدا.

ئەم زانایا پێی وایە زیرەکی بنیادێکی ئاڵۆزی هەیە کۆمەڵێك توانای لێك جیاو سەربەخۆ پێکدێت، باوەڕی وایە کە هەمو منداڵێکی ئاسای لەدایك ئەبێت کۆمەڵێك توانای جیاوازی عەقڵیان هەیە، هەندێك لەهەندێك

لاواز و لەهەندێك بەهێزن، هەندێك لە زیرەكی شوێنی زیرەكن و هەندێك بەزمانەوانی و هەندێك لۆژیكی و هەندێكیش پێویستیان بە كارلێككردن هەیە.

لەبەرئەوە باشترین و سەركەوتوترین ڕۆڵ و بەشداری كەپرۆسەی فێربون بتوانێت پێشكەش بەكۆمەڵگا و دام و دەزگاكانی بكات، ئەوەیە كەئاراستە و ڕێنمایی منداڵان بكات و بواری گونجاو بۆتوانا و بەهرە و ئەو پسپۆڕیانەی كەتیایدا سەركەوتون، برەخسێنێت،

بەواتایەكی تر دەبێت پرۆسەی پەروەردەو فێركردن لەخزمەتی تواناو لێهاتویی و بەهرەی منداڵەكان بێت و گەشە بە توانا تایبەتییەكانیان بدات، نەك هەمویان یەك جۆر بەرنامە و پرۆگرام بێ و بێ ڕەچاوكردنی جیاوازی بەهەرەو تواناكانیان، پێشكەشیان بكات.

پێشی وایە سەركەوتن لەیەكێك لەمانە ئیتر مانای ئەوە نییە پێویستی بەهەمو زیرەكییەكانی تر هەیە.

**جۆرەكانی زیرەكی لای گاردنەر:**

## 1-زیرەكی زمانەوانی-الذكاء اللغوي-(Linguistic Intelligence):

**ئەم كەسانە هەستیارن بەرامبەر بەدەنگ و مانای زمانەوانی و توانای دەربڕینیا هەیە و بەخێرایی هەست بەجیاوازی وشەكان و ڕیكخستن و ئاوازیان ئەكەن، دەكرێ بڵێین** لەبواری نوسینی هۆنراوەوڕۆژنامەگەری و نواندن و نوسینی كتێبدا بەتواناو لێهاتون و توانای ڕازیكردنی بەرانبەرو كاركردنە سەركەسانی تریان هەیەو لەڕەوانبێژی و داڕشتن و ڕێزمانیشدا دەستی باشیان هەیە.

ئەو فێرخوازانەی ئەم جۆرە زیرەكییەیان هەیە، حەزیان بەخوێندنەوەو نوسین و چیرۆك و ڕۆمان و قسەكردن بە ڕەوانی هەیە، هەروەها توانای بیرهاتنەوەی ناو و شوێن و مێژوی ڕوداوەكانیان هەیە ،

ئەم جۆرە زیرەكییە لای نوسەران و وتاربێژان و هۆنەر و ڕۆژنامەنوس و پارێزەران و هونەرمەندی نواندن و مامۆستاهەیە، لەبەر ئەوەی زۆر زمان بەكار ئەهێنن، وەك هۆنەرە كلاسیكییە كانی كورد....یان كەسێكی وەك مام هەژار موكریانی، یان متنبی و تەها حسین.

## 2-زیرەكی لۆژیكی ماتماتیكی-الذكاء المنطقي الرياضي-( Logical-Mathematical Intelligence):

ئەم جۆرە زیرەكییە بریتییە لەتوانای خوێندنەوەو شیكردنەوەی وێنەی داتایی و چارەسەری پەیوەندی لۆژیكی و بیركاری، سەرەڕای هەبونی توانای بیركردنەوەی لۆژیكیانە و دانانی جۆرەها گریمانەی وەك(ئەگەر ئەمە ئاوا ڕوبدات، ئەوە دەرەنجامەكەی بەم شێوەیە دەبێت)، بەكورتی خاوەن ئەم توانایانە زۆر هەستیار و بەئاگا دەبن بۆبونی چەندەها جۆر پەیوەندی لۆژیكی لەنێوان دیاردەكانی ژیاندا.

ئەم جۆرە زیرەکییەش لای پسپۆڕانی بیرکاری و و فیزیا و زانایان و کارمەندانی ژمێریاری و بانکەکان و پرۆگرام سازەکان هەیە.... نمونەی ئەمانەش وەك كۆچەر بیرکار، کیندی و خوارزمی و ئەنیشتاین.

ئەو فێرخوازانەی ئەم جۆرە زیرەکییەیان هەیە توانای چارەسەری کێشەکان و توانای بیرکردنەوەی قوڵ و توانای پرسیار کردن بە شێوەیەکی لۆژیکیان هەیە.

## 3- زیرەکی شوێنی- الذكاء المكانی (Spatial Intelligence):

ئەم جۆرە زیرەکییە، بریتییەلەتوانا و دەرككردنی شوێنەکان و زانینی ئاراستەکان و ڕەهەندی شتەبینراوەکان و وێناکردنیان لەمێشك و كۆكردنەوەیان لەیادگەدا و هێنانەوە و بەکارهێنانیان لەکاتی پێویستدا. ئەم جۆرە زیرەکییە لای چاوساغی زیرەك و لێهاتوو بەدەردەکەوێت ، ئەوکەسەی خاوەنی ئەم جۆرە زیرەکییە بێت، ئەوا زۆر هەستیار دەبێت و بۆ(ڕەنگ و هێڵکاری و نەخشەسازی و شێوەو وێنە و بۆشایی و پەیوەندی نێوان ڕەنگ و جوڵەو هێڵ و شێوەو وێناکردنی گۆڕانکارییە جوگرافییەکان و بەرزو نزمی و پێچ و پەناو جوڵەی پارچە و شت و کەل و پەلەکان.

ئەم جۆرە زیرەکییە لای پسپۆڕانی نەخشەکێشان و ئەندازیاری تەلارسازی و. زۆرجار نەخشە سازی دیکۆر و ئەندازیاری بیناسازی و هونەرمەندی شێوەکار و پەیکەرتاش هەیە.

ئەو فێرخوازانەی ئەم جۆرە توانایانەیان هەیە پێویستیان بەوێنەی زهنی و هەستپێکراو هەیە بۆ تێشگەیشتنی زانیارییکان و حەزیشیان لێیە کارلەسەر نەخشە کێشان و وێنە بکەن و حەزیان لەیاریکردنی میکانۆیە.

## 4-زیرەکی جەستەیی-جوڵەیی (الذكاء الجسمی-الحركی)(Bodily-Kinesthetic Intelligence)

**خاوەنی ئەم جۆرە زیرەکییە بەتوانان لە بەکارهێنانی جەستەیان بۆ** گوزارشتکردن لەبیر و بۆچونەکان **بۆچارەسەری کێشەکان و لەجیاتی زمان و ئاخاوتن لەڕێگەی** چەندەها جوڵەو چالاکی جەستەییدا وەك(نواندن و سەماکردن و هەڵپەڕكێ و وەرزشكردن) سەرەڕای توانای دروستكردنی جۆرەها کەل و پەل بەشێوەیەکی داهێنان و سەرکەوتوانە وەك چۆن لەلای پەیکەر تاش و پزیشکی نەشتەرگەرو ئەندازیار و فەرمانبەری میکانیك دەردەکەوێت. لەمجۆرە زیرەکییەدا خاوەنەکەی توانای جۆرەها کارامەیی و شارەزایی جەستەیی وەك( ڕاگرتنی هاوسەنگی و پێکەوەکارکردنی دەست و قاچ و پەنجەکان، بەهێزی و خێرایی و لەنگەر گرتن و ڕاکردن..تاد.هەیە.

ئەو فێرخوازانەی خاوەنی ئەم جۆرە توانایەن پێشەنگن لە چالاکییە جەستییەکان و هەماهەنگی لەنێوان شتەبینراوەکان و جوڵەدا و حەزیان لەجوڵی زۆرە و وەك سەماکەرەکان

## 5-زیرەکی مۆسیقی(الذكاء الموسيقی) (Misical Intelligence)

توانای پێشکەشکردنی ئاوازی موسیقی و درککردنی و و کارلێککردنی و لێکجیاکردنەوەیی دەنگەکان هەروەها، هەروەها توانای بەرهەمهێنان و شیتەڵکردنەوەی گوزارشتکردن لە مۆسیقا یان هەیە، واتە ئەوکەسەی ئەم جۆرە زیرەکییەی هەبێت، ئەوا زۆر هەستیار و بەتوانا دەبێت لەبواری ڕەزم و نەزمدا. ئەم جۆرە زیرەکییە لای گۆرانیبێژان و دانەرانی هۆنراوەی گۆرانی و ئاوازدانەران و مامۆستایانی مۆسیقا و پێشکەشکارانی تەلەفزیۆنی و ئەندازیارانی دەنگ هەیە. وەك مامۆستا ئەنوەر قەراخی و حسن زیرەك و فیرو ز ام کلسوم.

ئەم جۆرە زیرەکییە لای ئەو فێرخوازانە ئەبینینەوە کە ئاوازەکانیان بیردەکەوێتەوە و هەستێکی فراونیان هەیە بۆ دەنگەکانی دەوروبەریان هەیە،

### 6-زیرەکی کۆمەڵایەتی(الذكاء فی العلاقه مع الاخرين) (Interpersonal Intelligence)

ئەمجۆرە زیرەکییە بریتییە لەتوانای تێگەیشتنی کەسانی ترو زانینی پاڵنەر و حەزو ئارەزو ڕاوبۆچونەکانیان و دەرکپێکردن و زانینی مانای گۆڕانکارییەکانی دەم و چاو و تۆنی دەنگ و جوڵاندنی دەست و قاچ و هەستکردن و زانینی مانای ناوەختی قسەکان و هەڵنەخەڵەتاندن و بەقسەی خۆش بریقەدار. واتە توانای خۆگونجاندن و کارکردنەسەرکەسانی ترو دانانی پەیوەندی سەرکەوتو و لەبەرچاوگرتنی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی.

### 7-زیرەکی خودی و کەسێتی(الذكاء الشخصی) (Personal Intelligent)

ئەو کەسانەی ئەم جۆرە زیرەکییەیان هەیە توانایەکی بەرزیان هەیە لەتێگەیشتنی خەڵکانیتر و دیاریکردنی ئارەز و هەستیان و کارکردن لەتەك خەڵکانیتر بەوپەڕی باشی،

ئەمجۆرە زیرەکییە بریتییەلەتوانای شارەزابونی خود و زانین و دەرك پێکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی و بونی تێڕوانینێکی باش دەربارەی خود بەهەمو لایەنەکانیەوە(جەستەیی و عەقڵی و هەڵچونی و ویژدانی..تاد)

ئەو فێرخوازانەی ئەم جۆرە توواانیەیان هەیە، ئارەزوی کاری بەکۆمەڵ ئەکەن و توانای سەرکردایەتیکردن و ڕێکخستن و ناوەندگیری وپێکهێنانەوەیان هەیە.

ئەم جۆرە زیرەکییە لای دەرونزان و پیاوانی ئاینی و کۆمەڵایەتی و کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان و کارمەندانی فرۆشتنی کۆمپانیاکان، مامۆستایان و سیاسییەکانیش لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا.

**زیرەکی سروشتی یان ژینگەیی:** بریتییەلەتوانی دیاریکردن و پۆلێنکردنی شتە سروشتییەکان لە ئاژەڵ و بێگیانە و درەختەکان. ئەوانەی ئەم جۆرە زیرەکییەیان هەیە گرنگی بە گیاندارە زیندوەکان دەدەن و ئەیانەوێ هەمو شتێك دەربارەیان بزانن و حەزیش ئەکەن بمێننەوە لەسروشتدا و تێبینی پێکهاتە جیاوازەکانی دەکەن.

**دووەم: ئاگایی:**

ئاگایی ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەگێڕێ لە پرۆسەی فێربوندا، مەرجێکی سەرەکییە و قۆناغێکی زۆر پێویستی فێربونە. تاك لەوشتانە فێردەبێت کە تەرکیزی لەسەر دەکات، یەکێك لە جیاکەرەوە گرنگەکانی منداڵانی بەهەرەدار ئەوەیە توانای ئاگییان بۆ ماوەیەکی زۆرە، بەپێچەوانەشەوە سیفەتێکی ئەوانەی کە درەنگ فێردەبن یان کێشەی عەقڵیان هەیە توانای ئاگاییان لاوازە.

**پێناسەکەی:** (ولسون) و هاوڕێکانی واپێناسەی دەکەن: وەڵامدانەوەیەکی چڕ و ئاراستەکراوە بۆ وروژێنەرێکی دیاریکراو کە تاك گرنگی پێدەدات، ئەو دۆخەیە کەتیایدا فێربون ڕودەدات، کەدەبێتە هۆی کۆگاکردن لە یادگەدا و پاراستنی تائەو کاتەی کەتاك پێویستی پێیەتی.

ئاگایی پرۆسەیەکی سنوردار نییە کەسێك هەمیشە ئاگایی هەبێت یاخود نەی بێت، بەڵکو پرۆسەیەك هەمیشە بەهەڵکشان و داکشاندایە لەنێوان کەمترین و زۆرتریندا. لای کەمییەکەی عەقڵ لە دۆخی کەمترین ئامادەگی و تەرکیزدایە بۆوەرگرتن و لای زۆرییەکەیشی عەقڵ ئامادەگییەکی باشی هەیە بۆوەرگرتن و لەوپەڕی تەرکیزدایە.

**بەربەستەکانی بەردەم ئاگایی چین؟:**

1-برسێتی ئاگای تاك دەبات بۆلای خواردن و بۆنەکەی.

2-ماندو بون، ئاگایی تاك دەبات بۆلای شوێنی ئارام و پشودان.

3-ئازار، ئاگایی دەبات بۆلای چارەسەر و ئازار شکێن.

4-چاوەڕوانی، هەمو ئاگایی تاك ئەبات بۆلای ئەو شتەی کە چاوەڕیی بۆ دەکات.

5-تەرکیزکردن لەسەر ئەوکەسانەی کەقسە دەکەن و گوێگرتن لێیان.

6-کاریگەرییە دەنگی و بینراوەکان(وێنە و دەنگ)

لێرەدا باسی ئەو هۆکارانەمانکرد کە کاریگەریان لەسەر ئاگایی هەیە، ئیتر بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە سەر مامۆستا ڕەچاوی ئەو بارودۆخانە بکات. سەرجەم ئامرازە دەنگی و بینراوەکان بەکار بهێنێت کە دەبنە هۆی ڕاکێشانی ئاگایی فێرخواز، بەپێیی توانا فێرخوازەکانی بپارێزێ لەو کارتێکەرانەی کەدەبنە هۆی شپرزەیی ئاگایی، وەك هۆکارە فسیۆلۆجییەکان(برسێتی و تینویەتی) هۆکارە دەرونییەکان(ترس و دڵەڕاوکێ و شەرم) هۆکارە عەقڵییەکان(قورسی بابەتەکان، لێڵی دەربڕین و بۆچونەکان) هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان( کێشەی هەڵوەشانەوەی خێزان، نەبونی هاندان و پاڵپشتی) هۆکارە ژینگەییەکان( ژاوەژاو، ناڕێکی، ئاژاوە)

**کۆمەڵێك پیشنیاز بۆ ڕاکێشانی باری سەرنجی فێرخواز:**

1-کەمکردنەوەی هۆکارەکانی پەرت و بڵاوکردنی ئاگایی لەپۆلدا، بەهۆی قسەکردن لەگەڵ یەکتری و ئاژاوە و ژاوەژاو.

2-کەمکردنەوەی ڕۆتین و دوبارەکردنەوەی زۆری زانیارییەکان لەبەر ئەوە ئەمە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئاگایی.

3-گرنگیدان بەئارەزووەکانی فێرخوازان لەبەر ئەوە یارمەتی دەرە بۆ تەرکیزو ئاگایی.

4-بەرزو نزمی و جۆراوجۆری لە ئاوازی دەنگ و دوبارەکردنەوەی هەندێك چەمك و ڕستە لەکاتی وانەوتنەوەدا، لەهەمانکاتدا پێویستە ئامرازە جیاوازەکان لە قەبارە و شێوە و ڕەنگدا بەکار بهێنرێت لە وانەکاندا.

5-دورکەوتنەوە لە درێژکردنەوە چونکە دەبێتە هۆی لاوازبونی ئاگایی.

6-پێدانی ئەرك و واجبتای فێرکاری بەپێی ئاستی فێرخواز.

7-بەستنەوەی فێربونی قوتابخانە بە ئەزمونی قوتابیان و ژینگەکەیانەوە.

8-گرنگیدان بە کێشەکانی فێرخوازان و چارەسەرکردنیان، لەبەر ئەوە کێشە و گرفتەکان دەبێتە هۆی لاوازی ئاگایی و پەرت و بڵاوی زیهن.

## بەشی پێنجەم/ کەسێتی مامۆستا و کارلێکی نێوان مامۆستا و فێرخواز

بۆچونەکان لەسەر مامۆستای:

فێرخوازی خۆشەویست بێگومان لە چوارچێوەی قۆناغەکانی خوێندنت ئاشنا بوییت بەچەندین مامۆستا، تۆش لەسەر ڕێگەی گەیشتن بە پیشەی مامۆستایەتییت. بیربکەرەوە لەو مامۆستایانەی لەقۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا وانەیان پێ وتویت، پێت خۆشە جێپێی کام مامۆستا هەڵبگریت و بەڕێبازی کام مامۆستادابڕۆیت؟ ڕەنگە هەندێ لەومامۆستایانە وێنەیەکی شیرین و جوانیان لەلای تۆ بەجێ هێشتبێت، ڕەنگە هەندێکی تریشان بەوجۆرە نەبوبن.

کەواتە مامۆستا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ئاراستەکردنی ڕەفتاری فێرخوازەکانی لەداهاتودا، ئەمەش لەڕێگەی لاساییکردنەوەوە ڕودەدات، مامۆستای دڵسۆز تووی دڵسۆزی ئەچێنێت و مامۆستای بێزار و هەمیشە توندو هەڵچو هەمان چاوەڕوانی لەفێرخوازەکانی دەکرێت.

ئەوکەسەی خۆی بۆمامۆستایی دەپاڵێوێت، پێویستە لەکەسێتی خۆی بکۆڵێتەوەو گرنگی بدات بەنەهێشتنی کەمو کورتییەکانی. گرنگترین هەنگاو بۆبرەودان بەکەسێتیش بریتییە لەزودەرککردن بەتایبەتمەندییە نەرێنی و ناتەواوییەکانی خود. کەسایەتی و بەهرەکانی مامۆستا گرنگترین و کاریگەرترین هۆکارن بۆپەروەردەو فێرکردن. لەم ڕوانگەیەوە مامۆستای پاڵێوراو دەبێت پەیڕەوی لیستێك بکات کەتایبەتمەندییە کەسییەکانی مامۆستای لەخۆگرتبێت و کارلەسەر لایەنە ناتەواو و کەموکورتییەکانیشی بکات و پڕیانبکاتەوە.

**چونە نێو پۆل بۆیەکەمینجار:**

سەرەتایەکی باش گرنگە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی وانەوتنەوە، کاتێك کەمامۆستا بۆیەکەمجار دەچێتە پۆلەوە پێویستە، سیستم و پێوەر و ڕێنمای و هۆکارەکان بۆ فێرخوازەکانی ڕونبکاتەوە؛ لەبەرئەوە فێرخوازەکان دەیانەوێت بزانن کە مامۆستا چی لێیان دەوێت؟ ئەگەر لەسەرەتاوە ئەو شتانەیان لاڕون نەبێت، بێگومان دەکەونە هەڵەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی بێشیرازەی و ئاڵۆزی و دڵەڕاوکێ لەپۆلدا، بەتایبەتیش لای ئەو فێرخوازانەی کە سورن لەسەرئەوەی ئاستیان بەرەوپێشەوەبەرن. پێویستیشە لەسەر مامۆستای سەرکەوتو ڕونکردنەوەی ئەو بنەمایانەی پشتی پێدەبەستێت بۆ هەڵسەنگاندن و دانانی نمرەی فێرخوازەکانی و ئەوئەرك و واجباتانەی کەپێویستە فێرخوازەکانی پێی هەڵسن بەوردی ڕونبکاتەوە...دوای ئەو ڕونکردنەوانەش

پێویستە مامۆستا جێبەجێیان بکات... هەروەك پێویستە لەسەر مامۆستا لیستێك لە ناوی فێرخوازەکانیشی لابێت، پێش بینیان ئەمەش یارمەتی دەرە لە باشتر ناسینیان.

**پێویستە مامۆستا لەیەکەم وانە چی بکات؟**

1-بەڕویەکی خۆش و کراوەوە بەسڵاو کردن لەهەموان بچۆرە ژورەوە.

2-خۆتیان پێ بناسێنە لەگەڵ کورتەیەك لە ژیاننامەکەت بە کورتی.

3-ناوت بە ڕونی لەسەر سەبورەکە بنوسە.

4-ئەگەر ئەتوانیت ناوی فێرخوازەکانت بزانە.

5-پیشانی بدە کە کەسێکی ڕوخۆش و نەرمونیانیت...ئەمەش هەستی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی لای فێرخوازەکانت لادەبات.

6-ڕیگای وانەوتنەوە و سیستم و پێویستییەکانی خۆتیان بۆڕونبکەرە.

7-لە یەکەم وانە شتێکیان فێربکە.

**ئەی پێویستە چی نەکات؟**

1-دوامەکەوە لە کاتی وانەکەت.

2-هەمو ئەو شتانەی کەلەسەر فێرخوازەکان وتراوە بە ڕاستی وەرمەگرە، ڕەنگە پێچەوانەکەی ڕاست بێت.

3-هەرگیز گشتاندنی سیفەتی خراپ بەسەر پۆلەکەدا مەڵێ، وەك بڵێێ ئەرێ ئەمە پۆلی ئاژاوەگێرەکان نییە.

4-سیفاتی لوت بەرزی لەخۆت دوربخەرەوەو وا خۆت پیشان مەدە کەلەسەرو یاساوەیت.

5-واپیشان مەدە کەتەنها بابەتەکەی تۆ لەنێو هەمو بابەتەکان گرنگترە و لەبابەتەکانی تر کەم بکەیتەوە.

6-هەرگیز بابەتی قورس پێشکەش مەکە لەیەکەم وانە.

**گرنترین تایبەتمەندییەکانی مامۆستای سەرکەوتو:**

یەکێك لەگرنکترین ئەو بابەتانەی کەتوێژینەوەو کتێبە پەروەردەییەکان خستبویانە بەرباس و لێتۆژینەوە مامۆستای سەرکەوتوبو...یەکێك لەو توێژینەوانە کە هەوڵی داوە تایبەتمەندییەکانی مامۆستای چلاك دیاریبکات لەڕێگەی وەرگرتنی بۆچونی فێرخوازانەوە توێژینەوەی هار گریف(Hargreaves) و دواتریش دوکنگ(Doching) بو سێیەمیشیان کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی نۆتینگهام بوو هەمویان جەختیان لەسەر ئەم خاڵانە کردۆتەوە:

**یەکەم: تایبەتمەندی کەسایەتی:**

1-ڕەفتاری جوان، ڕواڵەتی ڕیك و پێك، نمونەیەکی جوانی مرۆڤدۆستی.

2-مامەڵەی جوان ڕەوشت بەرز لەگەڵ فێرخوازەکان.

3-هەمیشە ڕوخۆش و ئارام.

4-قەبوڵکردنی بۆچونی فێرخواز و گوێگرتن لێیان.

**دووەم: ڕێکخستن:**

1-جەختکردنەوە لەسەر پاراستی سیستم یاسا.

2-کۆڵنەدان و بڕیاردان بەبێ زیادە ڕەوی.

3-توڕەنەبون لەکاتێك کە یاسا پێشێل دەکەن.

4-دادپەروەر بون لەنێوان فێرخوازەکانداو جیاوازی نەکردن.

**سێیەم ڕێگاکانی وانەوتنەوە:**

1-خۆئامادەکردن بۆ وانەکە.

2-شیکردنەوەی وانەکە بەوردی و یارمەتیدانی فێرخوازەکان بۆ تێگەیشتن.

3-وتنەوەی وانەکە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش.

4-پێویستە مامۆستا ئامانجێکی هەبێت و هەوڵی بۆ گەیشتنی بدات.

**ئەو کێشانەی ڕوبەڕوی مامۆستا دەبێتەوە،**

لەکاتی وانەوتنەوەدا مامۆستا ڕوبەڕوی کۆمەڵێك کێشە دەبێتەوە، ئەمەش دەوەستێتە سەر ئەزمون و جۆری ئەو بابەتەی کە دەیڵێتەوە، ئەو قۆناغەی کە وانەیان دەڵێت، ئەمەش ئەو کێشە گشتیانەن کە مامۆستا لە قۆناغێك بۆقۆناغێکی تر و بەشێوەو جۆری جیاواز ڕوبەڕوی دەبێتەوە و پەیوەستیشە بەپرۆسەی فێرکردنەوە.

**1-ئەوکێشانەی پەیوەستن بە فێربونەوە:**

مامۆستا کاتێك ئەرکی وانەوتنەوە ئەنجام دەدات پێویستی بە بنەماکانی تایبەت بە وەرگرتنی زانیاری لای فێرخوازان بۆ دیاریکردنی ئەوچۆنییەتییەی کە کاریگەریان لەسەر دروست دەکات.

لەبەر ئەوە ئەو ڕەفتارانەی فێرخوازان ئەنجامی دەدەن زۆرو جۆراوجۆرە و بنەمای فێرکاری زۆرو جۆراوجۆریش هەن بۆئاراستەکردنی، مامۆستا ڕوبەڕوی کێشەی هەڵبژاردنی بنەمای پەروەردەیی دەبێتەوە کە بگونجێت لەگەڵ سروشتی هەڵوێستە پەروەردەییەکاندا، لەگەڵ مەرجەکانی ئەو چالاکییەی ئەنجامی دەدات.

**2-ئەو کێشانەی کەپەیوەستن بەتایبەتمەندییەکانی قوتابیان:**

قوتابیان کۆمەڵێك تایبەتمەندی جەستەیی و هەڵچونی و توانا عەقلی و کۆمەڵایەتی جیاوازیان هەیە و هەریەك بەپرۆسەیەکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی جیاوازدا تێپەڕیون. لەبەرئەوە پێویستە لەسەر مامۆستا لە توانا جۆراوجۆرەکانی قوتابیان و ئاستەکانیان تێبگات. ئاستی گەشە و خاڵی بەهێز و لاواز، بۆدیاریکردنی مەودای توانا و ئامادەییان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە فێرکارییە گرنگەکان.

**3-ئەوکێشانەی کە تایبەتن بە وانەوتنەوە:**

مامۆستایان زۆر جار ڕێگایەك یاخود زیاترلەڕێگایەك بەکاردەهێنن لەوانەوتنەوەدا، ئەمەش جیاوازدەبێت بەپێی ئەو کەرەستانەی لەبەردەستدان، یاخود ئاستی گەشەکردنی مەعریفی و کۆمەڵایەتی و کولتوری و

ئەمەن...تاد. لێرەدا گرنگە مامۆستا بڕیارلەسەر باشترین ڕێگاو شێواز بدات کە سەرکەوتوبوە. بۆنمونە ڕێگای تاك لایەنە هەڵبژێرێت یان گفتوگۆ کردنی هەمەلایەنە؟ سەبورە بەکار بهێنێت یاخود داتاشۆ، یاخود هەردوکیان؟...تاد.

**4-ئەوکێشانەی کە پەیوەستن بە هەڵسەنگاندن:**

یەکێکیتر لەچالاکیەکان کە مامۆستا ئەنجامی دەدات هەڵسەنگاندنە، کەلەڕێگەیەوە دەتوانێت مەودای کاریگەری, یان ناکارایی, چەندایەتی و چۆنایەتی ئامانجە فێرکاریی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانی بزانێت کەئەمەش کارێکی قورسە، بەتایبەتیش مامۆستایەك سەرەتای کاری بێت، پشت بە بەژداری قوتابی لەپۆلدا ببەستێت یان تاقیکردنەوەی سەر کاغەز، لەبەر ئەوە مامۆستا پێویستی بە ئامرازی هەڵسەنگاندنی گونجاو هەیە کەبیگەیەنێت بە ئامانجەکانی، لەبەر ئەوە مامۆستا پێویستی بە شارەزاییەکی باش هەیە لە ئامرازەکانی پێوان و هەڵسەنگاندن و ئەرکو بەکار هێنانەکانی... ئەمەش لە قرناغی چوار بەوردی دەخوێنرێت لبەرئەوە بەپێویستی نازانم وردەکاری لەسەر بخوێنین لێرەدا.

**ڕۆڵ و ئەرکەکانی مامۆستا:**

وانەتنەوە لەو پیشانەیە کە ئاڵوگۆڕو کارلێکی تێدایە، لەبەرئەوە پێویستە پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان فێرخوازو مامۆستا ڕەنگبداتەوە لەپەیوەندییەکاندا، بەمەبەستی یارمەتیدانی فێرخواز بۆفێربونێکی دروست و گەشەی سروشتی. لەبەرئەوە پێویستە لەسەر مامۆستا شارەزایی باشی هەبێت لەوانەوتنەوەو تایبتمەندی فێرخوازەکانی.

**لێرەدا بەکورتی ڕۆڵەکانی مامۆستا دەخەینە ڕو:**

**1-مامۆستا وەك پسپۆڕێکی فێرکاری:** پێویستە لەسەر مامۆستا بتوانێك زنجیرەیەك بڕیاربدات لەسەر پرۆسەی فێربون و فێرکردن کە پەیوەستن بە ئامانجە پەروەردەییەکانەوە و پرۆسەی هەڵسەنگاندن، ڕێگاکانی وانەوتنەوە و ئارمرازەفێرکارییەکان و سەرچاوەکان و ئەرکەکانی ماڵەوە و پێویستییەکانی فێرخواز.

**2-مامۆستا وەك بەڕێوەبەرێکی پەروەردەیی:** مامۆستا زۆرێك لە کاتەکانی لە پۆلدا بەسەر دەبات و پرۆسەی ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیاریکردن و چالاکییە فێرکاری و تاقیکردنەوەکان و بەجۆرێك کەمتر نییە لەو کاتانەی کە وانەی تیا ئەڵێتەوە.

**3-مامۆستا وەك ڕێنمایکارێکی پەروەردەیی و دەرونی**: مامۆستا وەك ڕێنمایی کارێك وایە، چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێت لەکاتی بونی کێشە وفشارەکان لەسەر فێرخوازەکانی کەدەبنە هۆی ڕێگر لەبەردەمیاندا، هاوکاریان بکات و ڕێگای گوناجویان بۆبدۆزێتەوە ئاراستەیان بکات بۆچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو گرفت و کێشانەدا پێش ئەوەی بیاننێرێت بۆلای ڕێنمایی کاری پسپۆڕ.

**4-مامۆستا وەك سەرچاوەی پاڵنەرایەتی بۆ فێرخواز:** یەکێك لەگرنگترین ڕۆڵەکان کە مامۆستا دەیبینێت، ئەوەیە کە پاڵنەرایەتی بۆ فێرخوازەکانیان دروستبکات و پۆلەکە نەبێتە شوێنی بێهیوایی و بێئاگایی، پێویستە لەسەر مامۆستا شارەزای چەندین چالاکی وڕێگابێت بۆ بەهێزکردنی ئاگایی فێرخوازەکانی و وانەکەی بەجۆرێك پێشکەشبکات سەرنج ڕاکێشبێت.

**5-مامۆستا وەك نمونەی ڕەفتار:** لەکاتی ئەرکەکانیدا مامۆستا کۆمەڵێك ڕەفتار و کردار ئەنجام دەدات و ئەمەش دەبێت سەرچاوەی لاساییکردنەوەی فێرخوازەکانی و دواتر لاسایی دەکەنەوە، لەبەر ئەوە پێویستە

لەسەر مامۆستا کە زۆر بەئاگا بێت لەکردار و گوفتارەکانیدا، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کەسایەتی فێرخوازەکان دەبێت.

**لەکۆتایی ئەم زنجیرە وانە یەدا،** هیوادارم بتوانن خۆتان زیاتر بخوێننەوەو تەنها بەم چەند لاپەڕەیە وازنەهێنن... بەئاگا بن لەڕوداوەکان، بەچاوکراوەییەوە ڕوبەڕوی ئاینده ببنەوە؛ خۆتان و ئەونەوەیەی کەپەروەردەیی ئەکەن، دڵسۆزبن بۆ: هاوولاتی، خێزان، کۆمەڵگە، نیشتیمان، ژینگەی سروشتی و کۆمەلایەتی... کاربکەن بۆکەمکردنەوەو نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی و نەخوێندەواری و هەژاری و بێکاری....زانستخوازبن ماندونەناس و چاکەکاربن، چاوتان لەئایندەبێت...........لەوانەکانتاندا فێرخوازەکانتان لەسەر بیرکردنەوەو، پێشبینیکردن و تێبینیکردن و توانای چارەسەرکردنی کێشەکان و توانا زمانەوانییەکان و ڕەوشتبەرزی و ڕۆحی هاوکاری و کارکردنی بەردەوام ڕابهێنن.

هیوای تەمەنێکی پڕ لەکامەرانی و ئاسودەیی و سەربەرزی و دڵخۆشیتان بۆ ئەخوازم؛ هیوادارم ئەوڕوناکییە درەوشاوەبن کەئەبن بەڕێنیشاندەری خەڵکی...ئەمەش تەنها لە ئینسانە گەورەکان ئەوەشێتەوە.

**م.عومەر گردەنازێی**

**2023-9-18**